
دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٢١، سێشەممە ٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاوی،٢٠ی مارسی ٢٠١٨

www.kurdistanmedia.com



ئەم ڕۆژیساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بە هاتەوە

لە لایەن دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستانەوە پڕ بە دڵ پیرۆزبایی هاتنی ساڵی ٢٧١٨ی کوردی لە سەرجەم خوێنەرانی "کوردستان" دەکەین.

بە هیوای ساڵێکی لێوانلێو لە سەرفرازی



دەقی وتەکانی مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتیی... ٤



پەیامی کردنەوەی کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکرات ٥

بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکرات ٧


پانۆرامای ساڵ ٩


# ڕێوڕەسمی نەورۆز لە بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکرات بەڕێوەچوو



بە بۆنەی جێژنی نەتەوەیی نەورۆز و هاتنی ساڵی نوێ، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ لە بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو.

هەواڵنێری ماڵپەڕی کوردستان میدیا ڕایگەیاند، ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاوی ڕێوڕەسمی جێژنی نەتەوەیی نەورۆز و هاتنی سەری ساڵی نوێی کوردی بە بەشداریی لێپرسراوی گشتیی حیزب، ئەندامانی ناوەندیی سیاسی، کادر، پێشمەرگە و بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات لە بنکەی سەرەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوەچوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێک بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان پەیامی نەورۆزیی حیزبی دێموکرات لەلایەن بەڕێز "مستەفا هیجری"، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشکەش کرا.

هیجری لە سەرەتای پەیامەکەیدا باسی لەوە کرد: "با لە سەرەتای ساڵی نوێ و جێژنی نەورۆزدا سڵاو و پیرۆزبایی خۆمان بنێرین بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بنەماڵەی شەهیدان، کەمئەندامانی ڕێگای خەبات، زیندانییە سیاسییەکان، کادر و پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەموو چالاکوانانی سیاسی لە سەرانسەری ئێران بە تایبەت لاوە چاونەترس و وشیارەکانی کورد کە ساڵی ١٣٩٦یش وەک هەموو ساڵانی ڕابردوو لەژێر زەبر و سەرکوتی ڕێژیمی دژی ئازادییەکان، بوێرانە خەباتی خۆیان بۆ ڕزگاری و ئازادی نیشتمان و گەلەکەیان درێژە دا و لە تێکۆشان ڕانەوەستان".

لە بەشێک لە پەیامەکەی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتدا هاتبوو: "پێدەچێ وڵات و نەتەوەی کورد بەرەوڕووی دەسکەوت و لاوازی زۆر بن بەڵام فەلسەفەی وجودی نەورۆز پێمان دەڵێ کە بەردەوامی لە ڕاسان دەتوانێ ڕەمزی مانەوەی کورد بێ. نەورۆز فێری کردووین کە تەنیا بەرەو پیری نوێبوونەوەی سروشت نارۆین، بەڵکوو هەردەم ڕوومان لە ڕاسان و ڕابوونە بەرانبەر بە دژبەرانی کورد و گەڕان بەدوای بەئەنجام گەیاندنی دۆزێك کە دەیان ساڵە کوردستانییەکان خەباتی بۆ دەکەن".

لە درێژەی پەیامەکەی مستەفا هیجریدا هاتبوو: "دانوستانەکانی نێوان ئێران و وڵاتانی ناسراو بە ١+٥ لە کاتێکدا بەڕێوە دەچێت کە کۆماری ئیسلامی لەوپەڕی لاوازی ئابووریدایە و ناچارە ڕازی بێت بە مەرجەکانی ڕۆژئاواییەکان تا لەو دۆخە ناڵەبارە ئابووری و سیاسییە خۆی ڕزگار بکات و لە لێواری ڕووخان بگەڕێتەوە، بۆ ئەو مەبەستە تەنانەت ڕازی بووە لەگەڵ گەورەترین دوژمنی وەهمیی خۆی واتە ئەمریکا ماوەیەك بە نهێنی و ئێستاش بە ڕاستەوخۆ گفتوگۆ بکات تا ڕۆژئاوا ڕازی بێت سزا و ئابلۆقە ئابوورییەکانی سەر ئێران لابچێت کە سەردەمانێك بە "کاغەز پارە" ناوی دەبرد و ئیدعای دەکرد کە بۆتە هۆی بەهێزی و داهێنان".

مستەفا هیجری لە قسەکانی خۆیدا ئاماژەی دا: "ئەگەر لە ماوەی ئەو ساڵانەدا بە شانۆگەری و خەڵک هەڵخەڵەتاندن، ویستی دنیا وا حاڵی بکا کە ڕێژیم ڕیفۆرمهەڵگرە و هەنگاو بە هەنگاو بەرەو چاکسازی دەچێ و ڕیفۆرمیستەکان بلیندگۆی ئەم سیاسەتە فریوکارانەیە بوون، خوێندکاران لە زانکۆی تاران هاواریان کرد"ئیسلاح تەلەب، ئوسوولگەرا، حکایەتی ئێوە کۆتایی هات"، بەم چەشنە ئەم سێحرەی ڕێژیمی جادووگەریان هەڵوەشاندەوە، ئەم دروشمە هەمان خولیا و ئامانجەیە کە دەیان ساڵە حیزبی دێموکرات هەوڵی داوە ئەو ڕاستییە بۆ خەڵکی ئێران ڕوون بکاتەوە کە کێشەی بونیادی لە ئێران کۆماری ئیسلامییە، نەك ڕیفۆرمخواز و موحافیزەکار".

پاش وتەکانی بەڕێز لێپرسراوی گشتی، سروودێک لەژێر ناوی "نەورۆز" لەلایەن کۆڕی مووزیکی حیزبی دێموکراتەوە پێشکەش بە بەشداربووانی ڕێوڕەسمەکە کرا.

لە بڕگەیەکی دیکەدا پارچە شێعرێک لەژێر ناوی "ڕێباز" لە لایەن "شەریف فەلاح"ەوە خوێندرایەوە.

پاشان گۆرانییەک لەژێر ناوی "بەری بەیانی" بە دەنگی هونەرمەند "غوڵام فاتحی" و خاتوو "بێهناز تەوەسولی" پێشکەش کرا.

بەبۆنەی جێژنی نەورۆز و هاتنی سەری ساڵی نوێی کوردی منداڵانی سەر بە ناوەندی نێرگزی حیزبی دێموکرات، سروودێکیان لەژێر ناوی "نەورۆز" بە سەرپەرەستیی خاتوو "زەمەند بەهاری" پێشکەش کرد.

پاشان چەند تابلۆی هەڵپەڕکێی ڕەشبەڵەک لە لایەن گرووپی هەڵپەڕکێی کوردستان پێشکەش کرا.

لە بڕگەی دووهەمی ئەو ڕێوڕەسمەدا داوا لە "مستەفا هیجری" لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کاک "سەلاح ڕەحمانی" باوکی شەهید "سەباح ڕەحمانی" کرا کە مەشخەڵی ئاگر لە دەستی لاوان وەربگرن و ئاگری نەورۆزی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٧١٨ی کوردی هەڵبکەن کە هاوکاتیش سروودی "ئەمڕۆژی ساڵی تازەیە" پێشکەش کرا.

دەقی پەیامی مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لەم ژمارەیەدا لە لاپەڕەی چوار بخوێننەوە.

## پەیڤ

### کەرکووک، کرماشان، عەفرین، نەورۆز

کەریم پەرویزی

ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوی، ساڵێک بوو پڕ لە ڕووداوی مێژوویی بۆ کوردستان و بۆ کورد؛ ڕووداوی مێژوویی دەتوانێ هەم تاڵ و هەم شیرین بێ، بەڵام بە ڕادەی گەورەیی ڕووداوەکە، دەتوانێ لە مێژوودا دەنگ بداتەوە یان بە مانایەکیتر مێژوو بخولقێنێ.

چەند بڕگەی گرنگی مێژووی ئەمساڵ بریتین لە:

یەکەم کەرکووک: دوای ڕێفراندۆمێکی مێژوویی کە لە باشووری کوردستان بەڕێوە چوو و وەکوو بەڵگەیەکی مێژوویی دەمێنێتەوە کە نەتەوەی کورد چییان دەوێ و لە چ خاکێک چەندە دەنگی هێناوەتە، دوژمنانی کورد و بەتایبەتی دوژمنی سەرەکیی کوردستان و کورد واتە ڕێژیمی ئێران، بە پیلان هێرشیان کردە سەر کوردستان و کەرکووکیان داگیر کرد.

ئەم ڕووداوە لە مێژووی کوردستاندا وەکوو تراژێدیایەکی هەمیشەیی دەمێنێتەوە، کە بە پیلانی دوژمنان و بە هاوکاریی دەستی نێوخۆیی کورد، کارەساتێک بە سەر ئەم نەتەوەیەدا هات.

دووهەم کرماشان: لە کارەساتێکی سروشتیدا، بوومەلەرزە لە کوردستانیدا و بەتایبەت لە ناوچەکانی کرماشان زۆرترین خەسار و زیانی مرۆیی و ماددیی لێکەوتەوە کە هێشتاش کارەساتەکە بەردەوامە و قوربانی دەگرێ و بە دەیان هەزار کەس بێ ماڵ و لەژێر دەواری بێپەناییدا دەژین. ئەم کارەساتە مرۆیی و ڕووداوە سرووشتیە، لە لایەن دوژمنی کوردستان واتە ڕێژیمی ئێرانەوە کرا بە دەرفەتێک بۆ ئەوەی گوێیان پێنەدا و بە کارەساتی سروشتی کورد تێدا بچێ و کوردستان وێران ببێ؛ لە وەڵامیشدا نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بە هانای هاونیشمانیانی کوردیانەوە چوون و حەماسەیەکیان خولقاند کە لەمێژوودا دەمێنێتەوە.

سێهەم: لە عەفرین دەوڵەتی تورکیە بە بیانووی بوونی لقێکی سەر بە پ ک ک ، هێرشی کردە سەر ئەو بەشە لە خاکی کوردستان و ڕۆڵەکانی عەفرینیش خۆڕاگرییەکی بێوێنەیان کرد. داستانی خۆڕاگریی ژنان و پیاوانی عەفرین وەکوو داستانێکی گەورە لە مێژوودا دەمێنێتەوە، هەرچەند لە ئاکامی ئەو هێرشەدا عەفرین کەوت و هێزی تورکیە چوونە ناو شارەوە. خۆڕاگریی عەفرین لایەنێکی دیکەی هەیە کە بریتییە لە سیاسەت و بەرنامەی هەڵەی حیزبێکی کوردی کە پێویستە کورد ئەزموونی لێوەر بگرێ، کە هەرچەند خۆڕاگریی عەفرین لەبیرنەکراوە و مێژووییە، نابێ ببێتە هۆی ئەوەیکە هۆکارەکانی ئەو شکستە تاڵە و ئەو دۆڕانە گەورەیە نەبینین.

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ نەورۆزی ٢٧١٨ی کوردی



لە بەرەبەری هاتنی نەورۆزی ٢٧١٨ی کوردی، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بانگەوازێکیان لەژێر ناوی " نەورۆز هێمای ژیانەوەو پێکەوە بوون" بڵاو کردەوە.

دەقی پەیامەکەیان بەم چەشنەیە:

نەورۆز هێمای ژیانەوەو پێکەوە بوون

خەڵکی خەباتگێڕی کوردستانی ئێران!

لە کاتێکدا بەرەو پیری نەورۆز و سەری ساڵی نوێ دەچین کە کوردستانی ئێران لەژێر زەبر و زەنگ و سیاسەتی سێدارە و سەرکوتی سیستماتیکی ڕێژیمی ئێران، ساڵێکی پڕ لە حەماسەتی ئەزموون کرد. بەرچاوترین ڕووداوی سیاسی ئەمساڵ، خۆپیشاندان و نارەزایەتی سەرتاسەریی ئێران بوو کە بەشێک لە شارەکانی کوردستانیشی گرتەوە. ئەوەی لە ئێران ڕوویدا، دەرخەری وەڕێکەوتنی ڕاپەڕینێکی ڕاستەقینەی جەماوەری بە مانای وشە بوو. خۆپیشاندانەکان ریشەیان لەو نارەزاییانەدا بوو کە لە دژی هەژاری و بێ دەرەتانی و کارەساتی ژینگەیی هاتوونەتە کایەوە.

پێکهاتەی سەرەکیی ئەم ڕاپەڕینە جەماوەرییە بریتی بوو لە خەڵکی ڕەش و ڕووت و هەژاری ناوچە پەراوێزخراوەکان؛ لەم ڕوویەشەوە دەکرێ بڵێین کە کۆماری ئیسلامی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژییەوە، تووشی هەرەسهێنان بووە.

بەرچاوترین تایبەتمەندیی ڕاپەڕینی ئەم جارە، کردنە ئامانجی ڕێبەریی و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو لە تەواوییەتی خۆیدا. هەرچەند سەرانی ڕێژیمی ئێران هەوڵیان دا سەرەداوی ئەم خۆپیشاندانانە گرێ بدەن بە دەستی دەرەکییەوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە حکوومەت بە تەواوی لە ئاستی ویست و داواکارییەکانی خەڵک دەستەوەستانە و توانای چارەسەرکردنیانی نییە.

لایەنی دیاری ئەم خۆپیشاندانانە، بەشداریی خەڵکی شۆڕشگێڕی کرماشان لە خۆپیشاندانی سەرانسەریی ئێراندا بوو، بە جۆرێک کە قورسایی و سەنگی تایبەتیی هەبوو. خەڵکی ئەم بەشە لە نیشتمان بە دروشمی شۆڕشگێڕانە و هەڵوێستی نیشتمانییان، بەرەوڕووی هێزی داپڵۆسێنەر و سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامی بوونەوە. لەڕاستیدا پارێزگای کرماشان ئەم جارە فاکتەرێکی کاریگەرو ئیلهامبەخشی نارەزایەتی و بزووتنەوەی ئێعترازیی کوردستان و ئێران بوو.

بوومە لەرزەکەی کرماشان، لە دەرکەوتنی بوومەلەرزەی سیاسیی ئەم جارەدا کاریگەری هەبوو. ئەم ڕووداوە وەبیری گەلانی ئێرانی هێنایەوە کە پانتایی و قووڵایی گەندەڵی و دزی و ناکارامەیی کۆماری ئیسلامی تا چ رادەیەکە. پەیامێکی دیکەی ئەم بوومەلەرزیە ئەوە بوو، کە گەلانی ژێرستەمی ئێران بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی هاوچارەنووسن.

هەر بەو پێیە، بینیمان کە خەڵکی کوردستانی ئێران دوای ڕوودانی بوومەلەرزەکەی کرماشان، بە چ هەستێکی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرییەوە بە هانای هاونیشتمانانی لێقەوماوی خۆیان لە پارێزگای کرماشانەوە چوون. وەڕێخستنی کەمپەین و بەرێکردنی کاروانی یارمەتی، بەشێک لەو هاوپێوەندییە بوو کە تەنانەت هاوسۆزی و یارمەتیی کوردانی دەرەوەی وڵاتیشی بۆ لێقەوماوان گرتەوە. ئەم هاوسۆزی و هاوپێوەندییە بەدەر لە لایەنی ئەخلاقی ومرۆیی، وێنەیەکی دەگمەنی لە هاوخەباتی و یەکڕیزیی خەڵکی کوردستانی ئێران خستە ڕوو، بە جۆرێک کە کارەساتی سروشتی و حەماسەی نەتەوەیی ئاوێتەی یەکتر بوون. ئەمەش وەک سەرمایەیەکی مەعنەوی و پڕبەهای ڕەوتی ڕزگاری نەتەوەییە.

لەم ساڵدا، سیاسەتی زەبروزەنگ و سەرکوتی سیستماتیک وەک سیاسەتی هەمیشەیی و بەشێکی جیانەکراوە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەردەوام بوو. لە سێدارەدانی ئازادیخوازان، زیندانی کردن و بێ سەروشوێن کردنی جیابیران و چالاکانی مەدەنی و تێکۆشەرانی سیاسی، کوشتن و بریندارکردنی خەڵکی کاسبکار لە ناوچە سنوورییەکان بەشێک لەم سەرکوتە سیستماتیکە بوون.

خاڵێکی دیکەی جێی سەرنج، هاتنە سەر شەقامی بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی شارو ناوچەکانی کوردستانی ئێران بوو بۆ دەربڕینی پشتیوانی لە بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆمی باشووری کوردستان بۆ پرسی سەربەخۆیی، هەروەها دەربڕینی نارەزایەتی بەرامبەر بە کوشتنی کاسبکاران کە دەزگا ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم بە هێزی سەرکوت و توندوتیژی بەرەوڕوویان بوونەوە.

لە ئەنجامی ئەم سەرکوتەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆڵەکانی نیشتمان دەستگیر و زیندانی کراون. لایەنی دیاری ئەم خۆپیشاندانانە حوزووری بەرچاوی کچان و ژنانی ئازادیخوازی کوردستان بوو کە مەخابن ژمارەیەکیان دەستگیر و ڕەوانەی سیاچاڵەکانی ڕێژیم کران.

ئەمساڵ کە ڕابرد، دەستپێکەکەی نەورۆزی جامانەکان بوو؛ دوای ئەو هەموو حەماسەتە کە ئاماژەیان پێکرا، جێی خۆیەتی نەورۆزێک کە دادێ، بە هەمان شکۆوە و بە هەمان حەماسەوە بە جامانە و هەوری و لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی و هەڵگرتنی گوڵی سوور برازێندرێتەوە و لە گەڵ ژیانەوەی سروشت، ژیانەوەی نەورۆزی جامانەکان بۆ نیشتمان بکرێ بە دیاری، هەر بۆیە داواکارین یەک دەنگ و یەک هەڵوێست، بەرەو پیری نەورۆز و سەری ساڵی نوێ بچن.

بێگومان هاوخەباتی و یەکڕیزیی نەتەوەکەمان، ڕەمزی سەرکەوتنمانە. لەم ڕوانگەیەشەوە داوا لە سەرجەم خەڵکی کۆڵنەدەر و نیشتمانپەروەی کوردستانی ئێران دەکەین بە هەمان ئیرادە و ڕۆحیەی هاوخەباتییەوە لە خەباتی نەتەوەیی- دێموکراتیکی خۆیان بەردەوام بن و ڕیزەکانی خۆیان بەهێزتر و پتەوتر بکەن و سەری ساڵی نوێ پیرۆز بکەن.

لە کۆتاییدا، لە ئێستاوە پیرۆزبایی سەری ساڵی نوێ لە سەرجەم هاونیشتمانیان و ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی کوردستان دەکەین و هیواداریـن ساڵی داهاتوو، ساڵی هاوخەباتی و دەسکەوتی زیاتر بێت بۆ نەتەوەکەمان.

**سەرکەوێ ئیرادەی نەتەوەیی و هاوخەباتیمان**

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**

**١٧ی ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاوی**

# گەڵاڵەی پێشنیاریی ئامانج و پێڕەوی ناوخۆی ناوەندی هاوکاری خرایە بەر باس

لە چوارەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران گەڵاڵەی پێشنیاریی ئامانج و پێڕەوی ناوخۆی ناوەندی هاوکاری خرایە بەر باس.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٣ی ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاوی، لە بارەگای ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران چوارامین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی "محەممەدنەزیف قادری" بەرپرسی هەیئەتی حیزبی دێموکرات لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەشداربوو.

سەرەتای کۆبوونەوەکە، هاوڕێیانی کۆمەڵەی شۆڕشگێر کە بەرپرسی دەورەیی ناوەند بوون، ڕاپۆرتێکان لە سەر فاسیلەی نێوان دوو کۆبوونەوە، کار و بەرنامەکان پێشکەش کرد.

دواتر بەرنامەی کاریی چوارەم کۆبوونەوە کەوتە بەرباس.

بەشدارانی کۆبوونەوەکە لە ماوەی کاریی کۆبوونەوەدا لە سەر هەر کام لە تەوەرەکان ڕوانگەی خۆیان باس کرد و جەخت لە سەر کاری هاوبەش و بەردەوام و هەڵوێستی هاوبەش کرا.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا گەڵاڵەی پێشنیاریی ئامانج و پێڕەوی ناوخۆی ناوەند کەوتە بە رباس بۆ ئەوەی لایەنەکانی بەشداری ناوەند، تا پیکهاتنی بەرە یان ئیئتلافێک بەو ئایننامەیە کار بکەن.

لە بەشێکی دیکەی ئەو دانیشتنەدا، عەبدوڵڵا موهتەدی سکرتێری گشتیی کۆمەڵە بەشداری دانیشتنەکە بوو و باسێکی سیاسیی لە سەر دۆخی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دۆخی ناوچەکە پێشکەش کرد.

لە بەشێکی ئەو کۆبوونەوەدا، محەممەدنەزیف قادری، ڕاپۆرتێکی لە سەر ١٦مین کۆنگرەی حیزبی دێموکرات، کۆنگرەی "ڕاسانی ڕۆژهەڵات" پێشکەش کرد و بە تایبەت لە سەر راپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی و هەروەها گەڵاڵەی ئاڵوگۆڕ لە ساختار و پێکهاتەی حیزب و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان قسەی کرد.

لە کۆتایی کاری کۆبوونەوەکەدا مکانیزمی پێویست و بەرچاوڕوونی نیسبەت بە کار و تێکۆشانی ئەم مانگە دار و ڕێوشوێنی پێویستیش دیاری کرا.

# ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامییان مەحکووم کرد



لەپێوەندی لەگەڵ کردەوە تێرۆریستییەکانی ئەم دواییانەی کۆماری ئیسلامی دژ بە چالاکانی سیاسی کوردی نیشتەجێ لە کوردستانی باشور، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

بەیاننامەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی د بە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەحکووم دەکەین

وەک لە ڕاگەیەندراوی خەبەریی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستاندا هاتووە، شەوی سێشەممە لەسەر چوارشەمە ٦ لەسەر ٧ی مارسی ٢٠١٨، ١٥ لە سەر ١٦ی ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاوی قادر قادری، کادری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کردەوەیەکی تێرۆریستیدا شەهید بووە و تەرمەکەی لە دەوروبەری ماشێنەکەی لە نزیک گوندی "هەرتەلێ" لە کاتێکدا کە ئاسەواری زیاتر لە بیست فیشەکی پێوە بووە، دۆزراوەتەوە.

هەر چەند ڕۆژ پێش بوو لە نێو شاری هەولێر، دوو ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوونە قوربانیی کردەوەیەکی تێرۆریستی کە یەک لەوان بەناوی" سەباح ڕەحمانی" دوای هەڵگرتنی برینی قورس بە داخەوە شەهید بوو.

پێشتریش لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە چەند هەوڵی دیکەی تێرۆریستی دژ بە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دراون کە بەشێکیان وەک هەوڵە تێرۆریستییەکان بۆ سەر سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران ، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران پووچەڵ کرانەوە و تەقینەوەکەی شەوی یەڵدا لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە بەداخەوە شەهید بوونی حەوت تێکۆشەری کوردی لێ کەوتەوە.

ئێمە وەک حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆماری ئیسلامی لە پشت هەموو ئەو تاوان و کردەوە تێرۆریستییانەوە دەبینین، چونکە جیا لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ لایەنێکی دیکە بە نەیار و دوژمنی خۆمان دانانێین.

بە تایبەت کە دەزگای تێرۆری کۆماری ئیسلامی پێشینە و ڕابردوویەکی پڕدیاری لە تێرۆری کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمدا هەیە، هەر لە تێرۆرەکانی دەیەی ٩٠ی زایینی دژ بەهێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە سەدان تێکۆشەری کوردیان لێ ستاندین، هەم لە تێرۆری کەسایەتییە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات، بە تایبەت تێکۆشەرانی کورد کە دواتر لە پەروەندەی تێرۆری مێکونۆسدا دەزگای قەزایی ئاڵمان لە بڕیارە مێژووییەکەی خۆیدا ڕایگەیاند کە کۆماری ئیسلامیی ئێران و کاربەدەستانی هەرە سەرووی ئەو ڕێژیمە لە پشتی ئەو تێرۆر و تاوان و جیناتانەن کە ڕێژیم لە دەرەوەی وڵات کردوونی.

ئێمە حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران چ بە تاک و چ بە کۆ (کۆبوونەوەی هاوبەشی حیزبە کوردستانییەکانی هەر چوار بەشی کوردستان بۆ مەحکوومکردنی کردەوەی تیرۆریستیی شەوی یەلدا) پێشتر و هەر ئەو کات ڕامانگەیاند کە نیگەرانین لەوەی تاوانی تیرۆریستیی شەوی ١ی بەفرانبار و پیلانە پووچەڵ بۆوەکانی پێشتر، سەرەتایەک بێ بۆ ئەوەی جارێکی دیکە هەرێمی کوردستان ببێتەوە بە مەیدانی پیلان و هەڕەشە و کردەوەی تیرۆریستیی لە دژی لایەنە سیاسییە خەباتکارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، ئێستا بەداخەوە دەردەکەوێ کە نیگەرانییەکانمان لە جێی خۆیدا بووە.

ئێمە جارێکی دیکەش وێڕای مەحکووم کردنەوەی کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە نوێترینیان تێرۆری سەباح ڕەحمانی و قادر قادرییە؛ بە ئەرکی حکوومەتی هەرێم و سەرجەم دەزگا پێوەندیدارەکانیشی دەزانین ڕێگر بن لە جێبەجێبوونی هەڕەشە و پیلانە تێرۆریستییەکان لە دژی لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە هەرێمی کوردستان، گیرساونەوە.

هەروەها بە ئیمان بە ڕەوابوونی خەباتی کورد لە ئێران بۆ دەستەبەری مافە مەدەنی و نەتەوایەتییەکانی، پێ لەسەر ئەوە دادەگرینەوە کە تێرۆر و هەڕەشە وتۆقاندن و سەرکوت، هەنگاومان پێ شل ناکەن و لە خەبات و تێکۆشان ساردمان ناکەنەوە.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**

**٧ی مارسی ٢٠١٨--١٦ای ڕەشەمەی ١٣٩٦**

# کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات هۆشداری بە بەکرێگیراوان دا

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ڕاگەیەندراوێکدا هۆشداری بە جاش و بەکرێگیراونی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دا، کە دەست لە کار و کردەوە دژە گەلییەکانیان هەڵبگرن.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە:

ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

هاونیشتمانییە بەڕێزەکان!

هۆگرانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان!

سپای پاسدارانی ڕێژیمی خۆسەپێنی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە هۆی بەکرێگیرانی خۆفرۆشەوە لە کوردستان، دەستی داوەتە پیلانێکی دزێو کە بەو هۆیەوە لە ناو و هێماکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە کەڵکوەرگرتن لە بەڵگە و نامەی ساختەچی و تەزویر، وێڕای هەڕەشە و گوڕەشە و گوشار بە داوای پووڵ و پارە لە خەڵکی کەمداهاتی گوندەکان، هەوڵی ڕووتاندنەوە و ترساندن و تۆقاندنیان دەدات و خەسار لە بزووتنەوەی ڕەوای گەلەکەمان دەدات.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، لە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ، لە زیاتر لە پەنجا گوندی ئەو ناوچەیە وەها پیلانێکی قێزەونی وەڕێ خستووە و نووسراو و داوای لەو جۆرەیان کە بووەتە هۆی دڵەڕاوکی و بێزاریی خەڵکی ئەو دەڤەرە بڵاو کردۆتەوە.

بەم هۆیەوە پیلانگێڕان و بەرماوڵێسانی دەستەمۆی سپای سەرکوتکەری پاسداران، لە ناوچەکە ئاگادار دەکەینەوە کە بەڕێوەبەرانی ئەو کردارە دژە گەلییە بۆ تێکۆشەرانی دێمۆکرات ناسراون و لە ئەگەری درێژەدانی ئەو کردەوانەدا، دەکەونە بەر سزای تاوانەکانیان و گەلەکەیان لێیان نابوورێت.

لە خەڵکی دێمۆکراتپەروەری ناوچەی مەرگەوەڕیش داوا دەکەین، کە وریایی خۆیان لە هەمبەر هەموو دوژمنکارییەکانی کۆماری ئیسلامی بپارێزن و پیلانەکانیان پووچەڵ بکەنەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کۆمیسیۆنی تەشکیلات

٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاوی

# حیزبی دێموکرات و هاوڕێیانی پێشوو کۆ بوونەوە

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەگەڵ شاندێکی هاوڕێیانی پێشوو کۆ بووەوە.

ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ٢٤ی ڕەشەممەی ١٣٩٦ی هەتاوی، شاندێکی هاوڕێیانی پێشوو، بە سەرپەرەستیی "مستەفا مەولوودی"، سکرتێری گشتی سەردانی بنکەی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن شاندێکی حیزبی دێموکراتەوە، بە سەرپەرەستیی "مستەفا هیجری" لێپرسراوی گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێ کرا.

لەم کۆبوونەوەدا، مستەفا مەولوودی، ئامانجی سەردانەکەیانی، پێشکەش کردنی پەیامی پیرۆزبایی خۆیان، بە بۆنەی کۆتایی هاتنی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی ١٦هەمی حیزبی دێموکرات لە ڕێبەری حیزب ڕاگەیاند و هیوای سەرکەوتنی بۆ ڕێبەری حیزبی دێموکرات و بە ئاکام گەیاندنی ئەرکەکانیانی خواست.

پاشان مستەفا هیجری، لەسەر بڕیار و ئاکامی کۆنگرە و زیاتر دەرەتان ڕەخساندن بۆ هاوکارییەکانیان لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و ئێران، چەند وتەیەکی پێشکەش کرد و لەسەر ئەوە جەختی کردەوە، دەبێ کوردستانی ڕۆژهەڵات لە بواری سیاسیدا شوێندانەر بێت.

شاندی میوانیش وێڕای قەبووڵ کردنی ئەو ڕاستییە ئامادەیی خۆیان بۆ قۆستنەوەی هەر دەرفەتێک بۆ بوون بە هێزی شوێندانەر لە پرۆسەی سیاسیی ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕاگەیاند.

لە کۆتایی ئەو باس و ڕاگۆڕینەدا لەسەر هاوکارییەکان جەختیان کرد و لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی ئەوە سەردانە سپاسی لێ کردن.

# کتێبی "ئۆرووپاییەک لە وڵاتی کوردان" لە شارەکانی ورمێ و شنۆ چاپ و بڵاو کرایەوە

بەمەبەستی ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی خوشکە نەسرین قاسملوو، کتێبی بیرەوەری و بەسەرهاتەکانی ناوبراو بەناوی " ئۆرووپاییەک لە وڵاتی کوردان" لە ورمێ و شنۆ چاپ و بڵاو کرایەوە.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێژەیەکی بەرچاو لە کتێبی " ئۆرووپاییەک لە وڵاتی کوردان" لە نووسینی خوشکە نەسرین قاسملوو، هاوژینی شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوویان چاپ و بڵاو کردۆتەوە.

ئەم بەرهەمە ناوازە لە نێو کۆمەڵێک کەسایەتی و ئاکادێمیسیەنی کورد لە شارەکانی ورمێ و شنۆ بڵاو کراوەتەوە کە پێشوازییەکی بێوێنەی لێکراوە.

کتێبی " ئۆرووپاییەک لە وڵاتی کوردان" تا ئێستا بە زمانەکانی فەڕانسەوی، ئینگلیزی، تورکی، ئاڵمانی، فارسی و کوردی چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

هێلین کرۆلیچ (نەسرین قاسملوو) بە ڕەگەز چێکییە، لە ساڵی ١٩٣٣ی زایینی لە پراگ لە دایك بووە؛ لە ساڵی ١٩٦٣ لە پراگ خوێندنی فەلسەفە و زمانی تەواو کردووە و بڕوانامەی ماستەری تێدا بە دەست هێناوە؛ زمانەکانی چێکی، ئینگلیزی، کوردی و فارسی دەزانێت؛ لە ئورووپا و ئێران و عێراق ژیاوە و لە ساڵی ١٩٧٦ەوە تا ئێستا لە پاریس دەژی؛ لە ساڵی ١٩٥٢ی زایینی لە زانکۆی پراگ لەگەڵ دوکتور قاسملوو یەکتر دەناسن و لە ساڵی ١٩٥٣ زایینی ژیانی هاوبەش پێك دێنن و بۆ ماوەی ٣٧ ساڵ چارەنووسیان پێکەوە گرێ دەدرێت؛ لە حاڵێکدا کە نەسرین خانم ژنێکی بە ڕەگەز ئورووپایی بوو، بەڵام بەشی زۆری ژیانی خۆی بۆ خزمەتی دۆزی ڕەوای کورد تەرخان کرد.

# خوشکە نەسرین قاسملوو سپاسنامەیەکی ڕوو لە تێکۆشەرانی دێموکرات بڵاو کردەوە

پاش چاپ و بڵاو کردنەوەی پەرتووکی "ئۆرووپاییەک لە وڵاتی کوردان" لە شارەکانی ورمێ و شنۆ، خوشکە نەسرین قاسملوو سپاسنامەیەکی بڵاو کردەوە.

پاش ئەوەیکە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کتێبی ناوازەی "ئۆرووپاییەک لە وڵاتی کوردان" لە نووسینی خاتوو هێلین کرۆلیچ ناسراو بە نەسرین قاسملوو، هاوژینی شەهیدی نەمر دوکتوور قاسملوویان لە شارەکانی شنۆ و ورمێ چاپ و بڵاو کردەوە، خوشکە نەسرین سپاسنامەیەکی ڕوو لە تێکۆشەرانی دێموکرات لە نێوخۆی وڵات بڵاو کردەوە.

دەقی ئەم سپاسنامەیە بەم چەشنەیە:

وێڕای سپاس و پێزانین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەو پەرتووکە و دەستخۆشی و ماندوو نەبوون، هیوادارم ئاگاداری خۆتان بن و نەکەونە بەر ڕق و قینی دڕندانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. ئاگاداری خۆتان بن و نامهەوێ بەهۆی چاپ و بڵاو کردنەوەی ئەو پەرتووکە تووشی خەسار بن. دڵم لەلاتانە و هیوام سەرکەوتنتانە.

نەسرین قاسملوو

١١/٣/٢٠١٨

پاریس

# لە شاخەکانی کوردستاندا ڕێز لە ٨ی مارس گیرا

ڕۆژی ١٧ی ڕەشەمە ڕێوڕەسمێکی تایبەت بەبۆنەی هاتنی ڕۆژی جیهانی ژنان لە شاخەکانی کوردستان بەڕێوە چوو.

بەپێی ئەم هەواڵە ڕێوڕەسمەکە کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٧ی ڕەشەمە، بە بەشداری کادر و پێشمەرگە و فەرماندەکانی هێزی تایبەت دەستی پێکرد.

پاش بەخێرهاتن کردنی بەشداربووان لەلایەن دیلان عەزیزمورادی، وتەیەکی کورت سەبارەت بە پێگەی ژنان لە کۆمەڵی کوردەواری و گرینگی ئەو توێژە لە سیاسەت و داهاتووی حیزب لەلایەن غالب حەبیبی کادری سیاسی هێزی تایبەت، پێشکەش کرا.

دواتر چۆنیەتی دەستنیشانکرانی ڕۆژی ٨ی مارس لە ڕۆژژمێری جیهانی لە لایەن دیلان عەزیزمورادی خرایە بەرباس و ڕاگەیەندراوی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بەم بۆنەوە لە لایەن ئەڤین غوڵامی خوێندرایەوە.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا ڕاپۆرتێک لەژێر ناوی "دۆخی ئێستای ژنانی کوردستان لە ڕوانگەی ئامارەوە" لە لایەن دڵنیا وەیسی پێشمەرگەی هێزی تایبەت پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

پاشان پەیامێک لەلایەن کچانی شاخ بۆ کچانی شار لە لایەن دڵنیا لوتفییەوە پێشکەش کرا؛ لە بەشێک لەم پەیامەدا هاتووە:حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەک لەو حیزبانەیە کە باوەڕێکی قووڵی بە بەرابەری حەق و مافی دوو ڕەگەزی ژن و پیاو هەیە و سەلماندوویەتی کە کەرامەتی ئینسانەکان کە کەرامەت و شوناسی ئەم ڕەگەزەش لە خۆ دەگرێتەوە بۆی لە سەرووی هەموو بەها مرۆڤایەتییەکانە و گرینگییەکی تایبەتی پێ داوە.

سەرەڕای هەموو ئەو ناحەقییانەی کە باسی لێ کراو ئەو هیوا شکاندنانە، ئەم حیزبە ئازادیخوازە توانی خوێندنەوەیەکی سەردەمییانە بۆ ئەم دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتییانە بکات و هیوایەکی نوێ بخاتە دڵی کۆمەڵانی خەڵکەوە کە لەژێر ناوی ڕاسان(گرێدانی خەباتی شاخ و شار) پێناس دەکرێ.

ئەم هیواو ئومێدە تازەیە ئومێدێکیشە بۆ ژنانی خۆرهەڵات کە بگەن بە عەقڵییەتی گۆڕانخوازانە و لە پێناو سەربەستی و ڕزگاری لەژێر دەستە بوونی زۆرداران خۆیان بخزێننە نێو گۆڕەپانی خەبات و وەکوو شەهید چنوورەکان و فەوزییەکان و حەبسەخانەکان، هەم جەنگاوەری ڕێگەی ڕزگاری نەتەوەیی بن و هەم هەوێنی گەیاندنی ڕەساڵەتی سەرەکی خۆیان ژن بوون.

لێرەدا دووبارەی دەکەینەوە ئێمە دەبێ خولقێنەری ڕووداوەکان بین، نەک ڕووداوەکان ئێمە بەدی بێنن، ئێمە دەبێ پێش ڕووداوەکان بکەوین نەک ڕووداوەکان پێش ئێمە بکەون، دەنا کاروانی خەبات دەڕوات و ئێمەیش لە هاوسەفەری ئەو کاروانە بەجێ دەمێنین.

## درێژەی پەیڤ

ئەم سێ بڕگە سەرەکییە لە سێ بەشی کوردستان، وەکوو داستانەکانی زنجیرەیەک لە بیرەوەریی مێژوویی نەتەوەیەک و خاکێک، دەمێننەوە. سێ ڕووداوی جیاواز کە هەرکامەیان چەند لایەنێک لە ژیانی نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان دەگێڕنەوە و مێژوویەک دەخوڵقێنن. چوونکە هەستی نەتەوەیی و درککردن بە بوونێکی هاوبەشی نەتەوەیی تەنیا بە نووسین و لێدوان نابێ، بەڵکوو ڕووداوە تاڵ و شیرینەکانی مێژوون کە ناسنامەیەکی مێژوویی دەخوڵقێنن. مەرج نییە تەنیا حەماسە بتوانێ داستانی نەتەوەیەک بێ و ناسنامەی بۆ دروست بکا، بەڵکوو تراژێدیش ئەو توانایەی هەیە کە ببێ بە هێزێکی هاندەر کە نەتەوەیەک هەستی هاوبەشیان تێدا بەهێز بێ و ببێ بە پارامێتری پێکهێنەری ناسنامەی نەتەوەیی بۆیان؛ وەک چۆن لە نێو پێڕەوانی ئایینی یەهوود مێژووی پڕ لە کارەسات و هۆلۆکاست بۆتە ناسنامەیان و نەتەوەیەکی بەهێزی لێ خوڵقاندون، بۆ کوردستان و کوردیش دەتوانێ هەم تراژێدیاکان و هەم داستانی خۆڕاگری و هەم حەماسەخوڵقاندنەکان، ناسنامەی پێ ببەخشن.

لێرەدایە کە دەگەین بە ڕەمزێکی گرنگی کوردستان و کورد کە ئەویش نەورۆزە؛ ئەو ڕووداوە تاڵ و کارەسات و هەروەها حەماسانەی کورد، زۆرجار لە مێژوودا نیشانی داوە کە لە نەورۆزدا بە زمانێکی نەتەوەیی و جەماوەری وەرگێڕدراوەتەوە سەر کردەوەیەکی هاوبەش و هێمای سەرهەڵدانەوە و ڕسکانەوەو ڕاسانی نەتەوەیی بووە. نەورۆز بنەمایەکی گرنگی بوونی نەتەوەییمانە چوونکە ناسنامەی بوونمان بەهێزتر دەکاتەوە، ئێمە نەتەوەیەکین کە لە نێو کارەساتەوە بە سەرهەڵدانەوە و ڕاسانەوە خۆڵەمێشی سووتانەکانمان دەتەکێنین و حەماسە دەخوڵقێنین؛ کورد سەرفراز و کوردستان ئاوەدان و نەورۆزمان پیرۆز.

# حیزبی دێموکرات و پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان کۆ بوونەوە

شاندێکی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان، سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و کۆمەڵێک پرسی تایبەت بە کوردستیانیان تاوتوێ کرد.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٦ی ڕەشەممەی ١٣٩٦ی هەتاوی، شاندێکی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان، بە سەرپەرەستیی "باپیر کامەلا" سەردانی بنکەی دەستەی کارگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن شاندێکی حیزب بە سەرپەرەستیی مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتیی حیزب پێشوازییان لێ کرا.

لەو دانیشتنە فەرمییەدا باپیر کامەلا، ئامانج لە سەردانەکەی پیرۆزبایی کردن بە بۆنەی ١٦ـەمین کۆنگرە حیزب و هەڵبژاردنی مستەفا هیجری بە لێپرسراوی گشتی ڕاگەیاند و هیوای بۆ سەرکەوتنی ڕێبەری نوێی حیزب لە بەئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانی کۆنگرەی دەربڕی.

کامەلا، هەروەها باسێکی لەسەر خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕۆڵی خەباتگێڕانە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و بەتایبەت لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و جێگە و پێگەی حیزب لە ئێران و کوردستان پێشکەش کرد.

لە بەشێکی دیکەی دانیشتنەکەدا، باس و تاوتوێ کردنی دۆخی کورد لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەت دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتوبری ٢٠١٧ بوو، لەم باسەدا لەسەر هاوکارییە ناوچەییەکانی دەوڵەتەکانی عێراق، تورکیە و ئێران و دژی پرسی کورد و پرۆسەی دێموکراسی ناوچە بوو، هەر دوولا لەو باوەڕە بوون، کە پرسی کورد لە ناوچەکە هەنووکە لە ئاستێکدایە، کە سیاسەتی نێودەوڵەتی و ناوچەیی فاکتەرێکی شوێندانەرە و دۆخی سیاسی ئەوە دەخوازێت، کە کورد نێوماڵی خۆی ڕێک بخات، هەتا لەم ئاڵوگۆڕە سیاسییانەدا بتوانێت، بە مەبەستە سیاسی و نەتەوەییەکانی بگات.

لەو دیدارەدا، مستەفا هیجری باسێکی لەسەر کۆنگرەی ١٦ی حیزب و ئاڵوگۆڕە سیاسی، ڕێکخراوەییەکانی حیزب و کار و بەرنامەی حیزب بۆ خەبات و تێکۆشانی حیزب لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کرد.

هیجری لە باسەکەیدا ئاماژەی بە هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و هەوڵەکانی حیزب بۆ بەرینتر کردنی هاوکارییەکان لە ئاستی کوردستان و ئۆپۆزیسیۆنی سەرتاسەری ئێران کرد و ئاکامی ئەو هەوڵ و تەقەلایانە دامەزراندنی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بوو، کە دەتوانێ هەنگاوێکی کاریگەر بێ، بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی سیاسی و نەتەوەیی لە کوردستانی ئێراندا.

لە کۆتاییدا بەڕێزیان سپاسی باپیر کامەلا و شاندی یاوەری کرد و لەسەر پێوەندیی حیزبی دێموکرات و پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان جەختی کردەوە.

# پارتی ئازادیی کوردستان و حیزبی دێموکرات کۆ بوونەوە

لە دیداری نێوان پارتی ئازادیی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەسەر دۆخی نێوخۆیی ڕێژیمی ئێران و دۆخی کوردستانی ڕۆژهەڵات قسەیان کرد.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٧ی ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاوی، شاندێکی پارتی ئازادیی کوردستان، بە سەرپەرەستیی "حوسێن یەزدانپەنا" سەرۆکی ئەو پارتە، سەردانی بنکەی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و لە لایەن شاندێکی حیزبەوە بە سەرپەرەستیی "مستەفا هیجری" لێپرسراوی گشتیی حیزبەوە پێشوازیان لێ کرا.

"یەزدانپەنا" مەبەستی لەم سەردانەی نوێکردنەوەی پێوەندییە سیاسییەکان و پیرۆزبایی کردنیان بە بۆنەی کۆتایی هاتنی کۆنگرەی ١٦هەمی حیزب "کۆنگرەی ڕاسانی ڕۆژهەڵات" و ڕاگۆڕینەوە لەسەر چۆنیەتی پێوەندییەکان بە ئامانجی هاوکاریی دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕاگەیاند.

لەم دانیشتنەدا "هیجری" لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لەسەر ڕەوشی سیاسیی ڕێژیمی ئێران و ئەو قەیرانە هەمەلایەنانەی ڕێژیم لەگەڵی بەرەوڕوو بووەتەوە، خستە بەر دیدی شاندی میوان.

هیجری باسی لە وەزعی شپرزەی ئابووری، زیاتر بوونی ئاستی بێکاری، گرانی و دابەزینی نرخی تمەن لە بەرانبەر دراوی بیانی، سەرکەوتنی خەڵکی ئازادیخواز و مافخوازی ئێران بە شێوەیەکی سامناک و بەردەوامبوونی ڕێژیم لە سیاسەتی نکۆڵیکردن لە مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلانی ئێران، بەتایبەت گەلی کورد و سیاسەتی دەستێوەردانی ڕێژیم لە کاروباری وڵاتان و پشتیوانی کردن لە تیرۆریزم کرد.

لێپرسراوی گشتیی حیزب، لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئاماژەی بە هەڵوێستی ئازادیخوازانەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و کوردستان و ڕاپەڕینەکانی بەفرانباری ئەمساڵی شارەکان بەتایبەت خۆپێشاندانی کرماشان کرد. بەشێکی دیکەی باسەکەی مستەفا هیجری لەسەر بەرنامە و ئاکامی کۆنگرە و هەوڵەکانی حیزب بۆ هاوکاریی لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو.

پاشان "حوسێن یەزدانپەنا" وێڕای سپاس لە پێشوازی شاندی حیزب، ڕاوبۆچوونی خۆیانی لەسەر باس و بابەتەکان دەربڕی و سەرنج و تێبینییەکانی خۆیانی لە بواری سیاسی، هاوکارییەکانیان لە ئاستی کوردستانی ئێران وەک زەروورەتێکی سیاسی و مێژوویی باس کرد و وەزاڵەهاتنی کۆمەڵانی خەڵک لە بواری ئابووری و ژیان و گوزەرانەوە خستە بەر دیدی بەشدارانی کۆبوونەوەکە.

لە کۆتاییدا هەر دوو لایەن، لەسەر هاوکارییەکانیان جەختیان کردەوە.

# یەکێکی دیکە لە چڵکاوخۆرەکانی سەر بە ڕێژیم کوژرا

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٢ی ڕەشەمە، چڵکاوخۆری ناوزڕاوی سپای پاسداران "مامڵ پوورمحەممەدی" خەڵکی گوندی"باوان"سەر بە ناوچەی مەرگەوەڕ لەلایەن هەڵۆکانی زاگرۆسەوە کوژرا.

لە ڕاگەیەندراوی هەڵۆکانی زاگرۆسدا هاتووە: ناوزڕاوی جاش، مامەڵ محەممەدی کوڕی جەمیل خەڵکی باوانی مەرگەوڕ بە تاوانی دەستەمۆیی و سیخوڕی بۆ چەکدارە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەزیەت و ئازاری لاوان و تاڵان و بڕی کاسبکارانی هەژاری ناوچەکە، گوشار و ترس و تۆقاندنی لاوان و بەهۆیەوە ڕاکێش کردنیان بۆ نێو ڕایلکەی سیخوڕیی بەسیج، لە لایەن هەڵۆکانی زاگرۆس پۆلی مەرگەوەڕ بەسزای تاوانەکانی گەیشت.

بەپێی ئەم هەواڵە مامەڵ لەو خۆفرۆشانە بووە کە سەرەڕای چەند جار وریاکردنەوە و داوای وازهێنان لە کردەوە دژی گەلییەکانی، هەروا درێژەی بە گوێ لەمستی بۆ دەسەڵاتدارانی ڕێژیم لە ناوچەکە دەدا، هەر بۆیە سەرلە ئێوارەی ڕۆژی ٢٢ی ڕەشەممە بڕیاری سزادانی لە لایەن هەڵۆکانی زاگرۆسەوە درا و گولله باران کرا.

لە کۆتایی ڕاگەیەندراوەکەشیاندا هاتووە: بەم هۆیەوە جارێکی دیکەش هەڵۆکانی زاگرۆس هەموو ئەو چەکدارانەی کەوتوونەتە داوی پیلانەکانی دەوڵەتی تاران بۆ سەرکوت و ئازاری گەلەکەیان وشیار دەکاتەوە کە کۆتایی بە خزمەت کردنی داگیرکەرانی ماف و ئازادییەکانی گەلەکەیان بێنن، بە پێچەوانەوە لە لایەن هەڵۆکانی زاگرۆسەوە بەسزای تاوانەکانیان دەگەن.

# ٧٢هەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات بەرز ڕاگیرا

ڕێورەسمی ٢٤ی ڕەشەممە ٧٢مین سالیادی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بنکەی سەرەکیی ئەو یەکیەتییە بەبەشداری ژنان و بنەماڵەکانیان بەڕێوەچوو.

کاتژمێر ٣ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٤ی ڕەشەممەی ١٣٩٦ی هەتاوی لە بنکەی سەرەکیی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ٧٢مین سالیادی دامەزرانی یەکیەتی ژنان بەرز ڕاگیرا.

ڕێورەسمەکە بەبەشداری لێپرساوی گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مستەفا هیجری و ئەندامانی ناوەندی سیاسی و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتی ژنان بەڕێوەچوو.

لە سەرەتای ڕێوڕەسمەکەدا، بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان، بەتایبەت ژنانی شەهید دەستی پێکرد.

پاشان بەرێز شنە دروودگەر جێگری سکرتێری یەکیەتی ژنان پەیامی بەرێوەبەری گشتی یەکیەتی ژنانی لەو یادە پێشکەش کرد کە تێدا وێڕای ئاورێکی کورت لە مێژووی یەکیەتی ژنان ،ڕێز لە هەوڵ و تێکۆشانی ئەو کەسانە گرت کە بۆ ئازادی و بەختەوەری ویەکسانی لە بنەماڵە و لە کۆمەڵ هەوڵدەدەن.

دواتر سروودی یەکسانی لە لایەن کۆرسی کۆڕی هونەری حدکا پێشکەش کرا.

لە بڕگەیەکی دیکەدا ڕێوڕەسمەکەدا، تیپی هەڵپەڕکێی تەوار لە ناوەندی سێی کوردستان بە نمایشی چەند تابلۆیەک ڕێورەسمەکەیان ڕازاندبووە.

پاشان هەردوو کیژۆڵەی دەنگخۆش بێریڤان عەزیمی و شەپۆل ڕەحیمی بە پێشکەشکردنی دوو گۆرانی بەشداری یادەکە بوون.

هەروەها یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەیامێکی پیرۆزباییان پێشکەش بە یادی ٧٢ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتی ژنان کرد.

# پەیامی نەورۆزیی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی هاتنی ساڵی نوێی کوردی



هاونیشتمانیانی تێکۆشەر!
خوشک و برایانی ئازیز!

با لە سەرەتای ساڵی نوێ و جێژنی نەورۆزدا سڵاو و پیرۆزبایی خۆمان بنێرین بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بنەماڵەی شەهیدان، کەمئەندامانی ڕێگای خەبات، زیندانییە سیاسییەکان، کادر و پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەموو چالاکوانانی سیاسی لە سەرانسەری ئێران بە تایبەت لاوە چاونەترس و وشیارەکانی کورد کە ساڵی ١٣٩٦یش وەک هەموو ساڵانی ڕابردوو لەژێر زەبر و سەرکووتی ڕێژیمی دژی ئازادییەکان، بوێرانە خەباتی خۆیان بۆ ڕزگاری و ئازادیی نیشتمان و گەلەکەیان درێژە دا و لە تێکۆشان ڕانەوەستان.

بە دژبەرانی کورد و گەڕان بەدوای بەئەنجام گەیاندنی دۆزێك کە دەیان ساڵە کوردستانییەکان خەباتی بۆ دەکەن. لە نەورۆزەوە فێر بووین کە لە نوێبوونەوە و تێکۆشان بەردەوام بین، چوونکە ڕاوەستان مانای نییە، هەر وەك چۆن سروشت لە نوێبوونەوە ڕاناوەستێ، کوردیش لە تێکۆشان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کۆڵ نادا. نەتەوەیەك کە ژێرخانی فکری و فەلسەفییەکەی ئەوە بێ کە قەبووڵی زوڵم نەکات، دەبێ بەردەوام بێ لە ڕابوون و خوڵقاندنی دونیایەك کە لەوێدا هەست بە ئارامی، ڕزگاری و ئازادی بکات.

ڕاسانی ڕۆژهەڵاتیش لە دڵ و قووڵایی عەقڵییەتێکی لەم شێوەیە سەرچاوەی گرتووە؛ لە دڵی عەقڵییەتێکەوە کە دەبێ خۆی نوێ بکاتەوە، فکری نوێ بخاتە مەیدانەوە و بۆ ئەم مەبەستە خۆی تەیاری

لە ساڵی ڕابردوودا کوردستانییان لە باشور ڕابوونێکی گەورەیان بە خۆیانەوە بینی، ئەویش ئیرادەی ڕێفراندۆم بوو، تاکوو بەهارێك لە پاییزدا ساز بکەن؛ ئەم ڕاسانەی باشوور هەموو نەیارانی بەرانبەر بە کورد قیت کردەوە، تاکوو نەهێڵن کورد لەو بەشەدا ڕێگای سەرکەوتنی خۆیان مسۆگەر بکەن، بەڵام نەتەوەیەك کە هەڵگری فەلسەفەی نەورۆز و ڕاسان بێ، ئەستەمە لەم ڕێگایە بکشێتەوە یان چۆك دابدات. چونکە لە ناسنامەی ئێمەدا یەك شت جێگیر بووە، ئەویش نەسرەوتنە تا سەرکەوتن، هەر وەك چۆن ڕۆژهەڵاتییەکان لە ناو دڵی دوژمندا زەماوەندی ئاڵایان گێڕا، تاکوو پیشان بدەن کە "ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان". لە لایەکی ترەوە ساڵی ڕابردوو خۆرهەڵاتی کوردستان تووشی کارەساتێکی دڵتەزێن هات. ئەویش

خولیای "فەتح الفتوحات"یان بوو.

هەر لە ساڵی ڕابردوودا بوو کە هاوپەیمانی جیهانی پاشەکشەی بە داعش کرد و زۆربەی ناوچەکانیان بە یارمەتی کورد لە داعش وەرگرتەوە، بەشێوەیەک کە ئەگەر یارمەتی کورد نەبا پێدەچوو لاوازکردنی داعش زۆر ئەستەم بێ.. بەڵام هەر وەك چۆن لە سەرەتاوە لەو باوەڕەدا بووین، ئێستاش لەو باوەڕەداین کە داعشی ڕاستەقینە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. کۆمارێك کە دایکی هەموو داعشەکان و تیرۆر و نەهامەتییەکانە لە ناوچەکەدا، بۆیە لەو بڕوایەداین تا کۆماری ئیسلامی مابێ، جیهان ناتوانێ داعش و داعشەکان بنبڕ بکات.

یەکێکی تر لەو کێشانەی کە لەم مانگانەی دواییدا بەرۆکی کوردی گرتەوە پەلامار بۆ سەر عەفرینە؛ پەلامارێک کە ئەزموونی کوردی لە ڕۆژئاوا خستە مەترسییەوە، بۆیە

و کار و تێکۆشانەکانی کۆسپ پێک بێنێ، بەڵام نە ڕەفتارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ئێمە نوێن و نە پیلانەکانی هەنگاومان پێ شل دەکا؛ چونکە لە ماوەی ئەم چوار دەیەدا بۆ هەمووان ئاشکرا بووە کە کوردی ڕۆژهەڵات و بەتایبەت حیزبی دێموکرات هێزێك نییە لە بەرانبەر پیلانەکانی ڕێژیم ترسی لێ بنیشێت یان پاشەکشە بکات، بەپێچەوانەوە بەم کارانەیان هانمان دەدەن کە زیاتر لە جاران خۆمان بۆ خەباتێکی توندوتۆڵ ئامادە بکەین؛ خەباتێك کە شەقام و کۆڵانی شارەکانی ڕۆژهەڵات مەکۆ و مەڵبەندی سەرکییەتی. خاوەنی ئەم خەباتە خەڵکی ڕۆژهەڵاتە و ئیرادەی ئەوانە کە کۆماری ئیسلامی تۆقاندووە و وا دەکات پەنا بۆ هەموو کردەوەیەکی نامرۆڤانە ببەن بەڵام ئەم پیلانانە ئەگەر دادی کۆماری ئیسلامییان دابا، لە چل ساڵی

فەلسەفەی سەرپۆشی زۆرەملی لە مەیدانە پڕحەشیمەتەکانی تاران سەرپۆشەکانیان لە سەر لابرد و بە دارێکەوە بەرزیان کردەوە، بە نیشانەی پووچەڵ کردنەوەی تەعالیمی چل ساڵەی ڕێژیم.

ئەگەر لە ماوەی ئەو ساڵانەدا بە شانۆگەری و خەڵک هەڵخەڵەتاندن، ویستی دنیا وا حاڵی بکا کە ڕێژیم ڕیفۆرمهەڵگرە و هەنگاوبەهەنگاو بەرەو چاکسازی دەچێ و ڕیفۆرمیستەکان بلیندگۆی ئەم سیاسەتە فریوکارانەیە بوون، خوێندکاران لە زانکۆی تاران هاواریان کرد " ئیسڵاح تەڵەب، ئوسوولگەرا، حکایەتی ئێوە کۆتایی هات"، بەم چەشنە ئەم سێحرەی ڕێژیمی جادووگەریان هەڵوەشاندەوە، ئەم دروشمە هەمان خولیا و ئامانجێکە کە دەیان ساڵە حیزبی دێموکرات هەوڵی داوە ئەو ڕاستییە بۆ خەڵکی ئێران

## لە نەورۆی ئەمساڵدا ئەو موژدەیەتان پێ دەدەین کە ڕێگای نوێبوونەوەی خەباتی ڕۆژهەڵات ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەموارتر دەبێ

کوردستانییانی خۆڕاگر!

ئەمساڵیش لە کاتێکدا بەرەوپیری نەورۆز دەچین کە ساڵی ڕابردوو، وڵات و نەتەوەکەمان چەندین پێشهاتی جۆراوجۆری بە خۆیەوە بینیوە کە هەر یەك لەوان دەکرێ بە سەرکەوتن و لاوازی هەژمار بکەین. دەسکەوتگەلێك کە پێشهاتەکانی خۆرهەڵات، باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان بە خۆیانەوە بینیویانە و لاوازیگەلێك کە دیارترینیان لە باشوور و ڕۆژئاوا بەدی دەکرێن؛ بەڵام کاتێك لە سۆنگەی نەورۆزەوە سەیری هەموو ئەمانە دەکەین، لە ڕۆژهەڵات تەنیا ناسنامەیەکمان وەبیر دەخاتەوە، ئەویش ناسنامەی "ڕاسان"ە، ڕاسان بە واتای بەردەوام بوون لە خەبات بە مەبەستی گرێدانی خەباتی شار و شاخ.

پێدەچێ وڵات و نەتەوەی کورد بەرەورووی دەسکەوت و لاوازی زۆر بن، بەڵام فەلسەفەی وجودی نەورۆز پێمان دەڵێ کە بەردەوامی لە ڕاسان دەتوانێ ڕەمزی مانەوەی کورد بێ؛ نەورۆز فێری کردووین کە تەنیا بەرەوپیری نوێبوونەوەی سروشت ناڕۆین، بەڵکوو هەردەم ڕوومان لە ڕاسان و ڕابوونە بەرانبەر

هەموو کەرەستەیەك بکات کە دەتوانێ یارمەتیدەری بێ. ئێمە وەك حیزبی دیموکرات بە بنچینە وەرگرتنی ئەم تێگەیشتنە، لە چەن ساڵی ڕابردووەوە خۆمان بۆ هێنانە ئارای گۆڕانکاری لە حیزبەکەمان تەرخان کرد بۆیە لە بەرەبەری نەورۆزی ئەمساڵدا دەتوانین ئەو موژدەیەتان پێ بدەین کە ڕێگای نوێبوونەوەی خەباتی ڕۆژهەڵات ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەموارتر دەبێ بە مەرجێک ئارام نەگرین، تاکوو بتوانین تا نەورۆزی داهاتوو دەسکەوتی زیاتر مسۆگەر بکەین.

ئێمە لە سەرەتای مانگی ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاویدا، کۆنگرەی شانزدەهەمی حیزبەکەمان کۆنگرەی "ڕاسانی ڕۆژهەڵات"مان بە سەرکەوتنەوە بەڕێوە برد، کۆنگرەیەک کە دەروازەکانی بە ڕووی نوێبوونەوەی حیزبەکەمان خستە سەرپشت، بۆ ئەوەی حیزبی دێموکرات بتوانێ، هاوهەنگاو لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگا، خۆی بگونجێنێ و بەرە و گەشانەوە و نوێبوونەوە هەنگاو بنێ، بەڵام تا گەیشتن بە ئامانجەکانمان ساڵ لە دوای ساڵ هەوڵی زیاتری بۆ دەدەین و ماندوو نابین.

بوومەلەرزەی کرماشان بوو، بەڵام کوردەکان ئەو کارەساتەیان کرد بە حەماسەیەك و کاروانی یارمەتی لە هەموو شار و گوندەکانی کوردستانەوە بەرەو کرماشان ڕیزیان بەست؛ وەك چۆن پێشمەرگە ڕیز دەبەستن بۆ جێگیربوونەوە لە باوشی نیشتمان، بۆ کارەساتی کرماشانیش "ئەبووبەکر مەعرووفی"یەکان بە ئیرادەی نیشتماپەروەرانەوە خەمی هاونیشتمانییە لێقەوماوەکانیان بە خەمی خۆیان زانی و قوربانیشیان لەم ڕێگەیە دا، تاکوو بڵێن هەرچەند خاوەن دەوڵەت و دەسەڵات نین، بەڵام یەکگرتوو و خاوەن ئیرادەین، ئیرادەیەک کە بۆتە چقڵی چاوی کۆماری ئیسلامی و دەست و پێوەندییەکانی.

هەر لەم ساڵەدا بوو کە سپای بەغدا پەلاماری کەرکووکی دا لە هەرێمی کوردستان، تاکوو بە خەیاڵی خۆیان ئیرادەی کورد بشکێنن، بەڵام هەمدیسان ڕووبەرووی نەتەوەیەك بوونەوە کە فێرنەبوون بە ژێردەستی، بە تایبەت کە ساڵانێکە تامی ڕزگاری و ئازادی دەچێژن، بۆیە لە کاتێکدا کورد تەنیا بوو، بەڵام سەنگەری چۆڵ نەکرد بۆ ئەوانەی

لێرەشدا ئێمە وەک حیزبی دێموکرات وەك هەمیشە لە سەنگەری کورد و کوردستانداین و هەر کارەساتێك بۆ نەتەوەکەمان بە کارەساتی خۆمان دەزانین، بە بێ جیاوازی پارچەکانی کوردستان. عەفرین زامدارە هەر وەک چۆن کەرکووکیان زامدار کرد، بەڵام ئەو برینانە سارێژ دەبنەوە، ئاخر کوردستان زام هەڵدەگرێ بەڵام نامرێ، عەفرین و کەرکووکیش هەڵدەستنەوە سەرپێ و هەمدیسان بۆ ئازادی و ڕزگاری خۆیان تێهەڵدەچنەوە.

دەمهەوێ لەم دەرفەتە کەڵک وەربگرم بۆ دەربڕینی سیاسەتی حیزبەکەمان لە هەمبەر بەرنامەکانی ڕێژیم دژی خەبات و بەربەرەکانێی ڕەوای خەڵک و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. لەم ڕۆژەدا ئێمە ئاگادارین کە ڕێژیم ئەمساڵیش وەک ساڵانی پێشوو خەریکی ئامادەکارییە بۆ ئەوەی بە پیلانی تیرۆرکردن، پێکهێنانی گوشار لە سەر ڕێبەرایەتی حیزب لە باشوور، هەوڵدان بۆ پێکهێنانی دووبەرەکی لە نێو هێزەکانی کورددا و زۆر خەون و خەیاڵی دیکەش ئەگەر بۆی بکرێ، لە سەر ڕێگای گەشەکردنی حیزب

ڕابردوودا دەیانتوانی دەنگی هاواری خەڵکەکە کپ کەن، بەڵام ئێستا دەنگی مافخوازی خەڵک زووڵاڵتر لە هەمیشە لە گوێی خەڵکی دنیادا دەزرینگێتەوە.

لە ساڵی ١٣٩٦دا دنیا شاهێدی پێکهاتنی گەورەترین و شوێندانەرترین ئاڵوگۆڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە پانتایی ئێراندا بوو، ڕاپەرینی خەڵکی ئێران لەم ساڵەدا کە ڕێژیم و دەست وپێوەندەکانی هەوڵیاندا لە چوارچێوەی گرانی و قەیرانی ئابووریدا پێناسەی بۆ بکەن، بوومەلەرزەیەک بوو کە پاش چەند دەیە لە دەسەڵاتداری ئەو ڕێژیمە کۆڵەکە فکری و فەلسەفییەکانی حکوومەتی تێک ڕووخاند و ڕووی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوە و ناوەوە بۆ هەمووان ئاشکراتر کرد.

ئەگەر لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا ڕێژیم دڵی بەوە خۆش کردبوو کە نەسڵێکی نوێ لەژێر تەعالیمی ئیسلامی شیعەی ویلایەتی فەقیهی پەروەردە کردووە و ئەو نەسڵە گەرەنتی حکوومەتێکی هەتاهەتایی ڕێژیم دەبێ، کچان و ژنانی بوێر و گۆڕانخواز، هەر لەم نەسڵە دژی

ڕوون بکاتەوە کە کێشەی بونیادی لە ئێران کۆماری ئیسلامییە، نەك ڕیفۆرمخواز و موحافیزەکار؛ ئەم ئاڵوگۆڕانە هاوکات بوون لەگەڵ گرژبوونی دونیای دەرەوە بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی، بۆیە کۆماری ئیسلامی زیاتر لە جاران دڕ بووە و توندوتیژتر سەرکووتی خەڵك دەکات. لە سەرکووتی دەسبەسەرکراوانی ڕاپەرینەکەوە بگرە تا کوشتنیان لە زیندانەکاندا؛ هەموو ئەمانە پێمان دەڵێ کە کۆماری ئیسلامی ئیتر ناتوانێ بە ناوی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی بەرچاو لە وڵات، چاکسازی هەنگاو بە هەنگاو یان پاراستنی ئەمنییەتی ئێرانەوە خەڵك بەلاڕێدا ببات.

ئێمە تێکۆشەران و ئازادیخوازانی کورد شانبەشانی هەموو ئازادیخوازانی ئێران تا گەیشتن بە ئامانجەکانی گەل کە ڕزگاربوون لە چنگ ئەو ڕێژیمەیە، ناوەستین و دڵنیاین کە لە کۆتاییدا سەرکەوتن هەر بۆ ئێمەیە و نەمان بۆ ڕێژیمی دژی مرۆڤایەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

جارێکی دیکە نەورۆزی ڕازاوە و ساڵی تازەتان پیرۆز بێ.

# پەیامی کردنەوەی کۆنگرەی ١٦ی حیزب لە لایەن بەڕێز مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی




## شێرە خوشکان، برایانی دلێر

وێڕای حورمەتی شایستەی ئەم بەیەکگەیشتنەوەمان؛ بۆ من شەرەف و شانازییەکی یەکجار زۆر گەورەیە کە لە بارەگای بەرزی جەماوەرە بەرینەکەی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا، بە زیارەتی ئێوە دەگەمەوە و باوەش بە گەردنی بەرزی ئێوەدا دەکەمەوە.

خۆشەویستانم لەم هەلومەرجە ناسکەدا کە شادەمارەکانی جوگرافیای لەت لەتی وڵاتی ئێمە لەژێر هەڕەشەی قەڵت و بڕی مۆدێل تازەدایە و گەلی ئێمە لەژێر ڕەهێڵەی تیشکی چەکە لەیزەرییە وێرانکارەکاندا بە چۆلگەی مەحەشەرە خوێناوییەکاندا تێپەڕدەبێت، جێی ڕێز و قەدر زانییە کە هاوڕێیانی ئێمە بە ئەرکی پیرۆزی گرتنی کۆنگرەی ١٦هەمی حیزبی دێموکرات هەستاون و لە شەمەندەفەرە خوێناوییەکەی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا لە سەر برین و پێوانی ڕێبازە سەختەکان هەروا بەردەوام ماون.

خۆشەویستانم، هەم زمانحاڵی کۆنگرەو هەم واقعیەتی موشەخەسی ناوچە، هەم سیگناڵ و ئیشاراتی دەوروبەر ئەو حەقیقەتە دەخەنە باوەشی ئێمە کە کۆنگرەی ئەوجارەمان لەگەڵ کۆنگرەکانی ڕابردوو جیاوازییەکی یەکجار زۆری هەیە، بەو مانایەی کە هەلومەرجەکان و ئاڵوگۆڕی ئیحتماڵی هاوکێشە ئاڵۆزەکان، ئەرکی زۆر قورس و گەورە و گران و لە عەینی حاڵدا تازە و نوێ دەخەنە سەر شانی ئێمە، چاوەڕوانییەکانیش ئەوەن کە بە ئیلتیزام بە ئایینی هاوسەنگەری و بە تەعەهودی سەریح و شەفافی نیاز پاکانە وەڵامی ئەو سیگناڵانە بدرێتەوە.

خۆشەویستانم، لەو کاتەیدا کە لە بورجە بەرزەبەرینەکەی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا لە خزمەتاندا ڕاوەستاوم پێم خۆشە ئیجازە بدەن پێکەوە حورمەت بۆ شەهیدانی هەر چوار پارچەی کوردستان و سڵاو و ڕێزی تایبەتی بۆ چوار ڕووداوی تازەی ناوچە واتە سڵاو بۆ قوربانیانی تەکانە سەرتاسەرییەکەی ئێران، بۆ تازیەبارانی بوومەلەرزەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بۆ شەهیدانی شەوەکەی دووبارە ئەسیربوونەوەی قودسی کوردەکان وە هەروەها بۆ بێپەنایانی عەفرین و ڕێز و نەوازشی تایبەتیش بۆ سوارچاکانی ڕاسان بنێرینەوە؛ ئەو شاسوارانەی کە گوڵاڵەئاسا سوورگوڵئاسا لەهەرەک جەنگەی گەشانەوەیاندا سەریان نایەوە و سوجدەیان بۆ دارو بەردە خوێناوییەکەی کوردستان بردەوە و لە هەناوی عەرزە هەڵاڵییەکەیاندا سەریان وە بەردی خەوی ئەبەدی کردەوە، باوەشی گەرم بۆ ئەو گوڵە کێویلانەی کە لە نێو خۆڵە خوێناوییەکەی ڕاساندا ڕوانەوە و ڕیشەیان داکوتایەوە و ڕاژاندن و لاوانەوەی ڕۆحیش بۆ ئەو شەهینە بەرزە فڕانەی کە لە کۆچە سوورەکەیاندا بەرەو میحراجی ئەبەدی هەڵفڕین و هەرگیز نەگەڕانەوە.

شێرە خوشکانم برایانی دلێرم،

دێمە نێو هەستی خۆم، بۆ من کوڵ و ئازارێکی گران بوو کە دەیان ساڵ بوو لە کۆنگرەکانی حیزبی دێموکرات دابڕابوم؛ ئێستا سەر لە نوێ ژیانەوەمە کە خۆم ڕووبەڕووی خەباتکارانی نێو سەنگەر و داهێنەرانی نەخشەڕێگای ڕاسان و ڕێبوارانی ڕێگای جوڵان و تەکان و ڕابوونی دلێرانەدا دەبینمەوە؛ گەڕانەومە لە تاراوگەیەکی سڕ و تەزیو و گۆڕستانێکی تاریک و خامۆش بەسەر دنیای ڕوون کە خۆم ڕووبەڕووی سیاسەتمەدارانی بەئەزموونی خوێنی جگەر خواردوو، گەرم و سارد چەشتوو، سیاستوانانی بەبڕشت و تازە نەفەس و جەنگاوەرانی دلێردا دەبینمەوە و دەنگی هەنگاوەکانیان وەک هاژەی شەپۆلی دەریایەکی بەرین هەست و دەروونم دەلاوێننەوە، خۆزگە لە هەلومەرجێکدا بوومایە بمتوانیایە تاجە گوڵینەیەکی گەورەی بە بەرزی هیمەتی گیان لەسەر دەستان و گەشی خوێنی شەهیدانی قۆناغی تازەمان لە بەردەم بارەگای بەرزی کۆنگرەی ١٦هەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دابنێم، لەم بارەوە بە داخم بۆیە تکا دەکەم ئیجازەم بدەن بەو کلیلە ڕەمزییەی بۆخۆتان وەک میداڵی شانازی بە منتان بەخشیوە دەروازە ڕەمزییە بەرینەکەی کۆنگرەی ١٦هەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هیممەتی ئێوە بکەمەوە، وە شەرەف و شانازی حزوورم لەو فەزا پیرۆزەیدا وەدەست بێنم و پێشەکی ڕێز و ئەمەکناسی و پیرۆزبایی خۆم و نزیکترین کەسانم بە ئێوە یەک یەکی بەشداربووانی کۆنگرە، وە لە ڕێگای ئێوەوە بە تێکڕای بنەماڵەی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و ئەندامان و هەواداران و سەوداسەرانی ئازادی و دێموکراسی و سەرەوەری نەتەوەیی ڕابگەیێنم.

خۆشەویستانم، شانازی دەکەم کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەو هەموو قۆناغە سەخت و خوێناوی و دژوارانەدا تێپەڕدەبێت، بەڵام لە هەناسەدان ناکەوێ. ئێمە هەموومان شاهیدی زۆر خولی هەژێنەرین شاهیدی زۆر ڕەشەشەوی دوور و درێژ و تاریک و تروک هەین، لێرەدا ڕەنگە باسکردنی هێندێک مەسەلە هەم بە فیرۆدانی وەخت، هەم تاڵ و نالەبار و هەم ناسیاسیانە بێت، بەڵام مێژوویە و ناتوانین بێ ئاوڕدانەوە باس لێکردن بەسەریاندا بازدەین، لێرەدا زۆر بە کورتی تەنیا نیوەنیگایەک بە یەک قۆناغدا دەخشێنینەوە، هەموومان شاهیدی ئەو قۆناغە مەینەتبارەیی هەین کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە حەوت ئاسمان ئەستێرەیەکی نەما، هەڵوەدای نێو مەیدانێکی وا سامناک بوو کە جگە لە بەشێکی کەم لە دۆستان و هاوپەیمانانی دێرینمان، جگە لە دەروازە لەسەر پشتانی دڵسۆزانی ناوخۆ هەموو دەرگاکان بەڕووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا داخران، بەڵام حیزبی ئێمە ئارام و پشوودرێژ وەک کێو لە نێو ئەم مەیدانە سامناکەیدا چەقی، هەیکەلی کوردانەی نەچەمایەوە وە لەسەر برین و پێوانی تاریکستانەکان و شەق کردنی شەوەزەنگەکان لێبڕاوانە پێی داگرت و پشتی وە عەرزێ نەکەوت.

خۆشەویستانم، سەربەرزم زۆریش سەربەرزم کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵمەتی ڕاسانی لەژێر چەتری دیفاعدا، دیفاع وەک ئەسڵی مەنتقی و گونجاو ڕاگەیاندووە، وە ئاوڕێکی جیددی و بە کردەوەی لە هەلومەرجی ئێستاو هێڵی جینایەتکاران و لەشکری قرەقوشی جەمهوری ئیسلامی ئێرانێ داوەتەوە، جگە لە حەقیقەت شتێکمان نەوتووە، ئەگەر بڵێین ڕاسان وەرچەرخان و زەروورەتی مێژوویی و گەڕانەوەی شکۆ و ئیعادەی هەیبەتی شۆڕشگێرانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕاماڵینی شەوەزەنگی نائومێدی و بێئاسۆیی بوو، ڕیسالەتێك بوو دلێرانە ئەنجام درا وە ئێستاش سەرەڕای ئەو هەموو ئازارە، با و زریانە با و گەردەلوول و تۆفانانەی کە خۆیان بە سیمای هەیکەلی برینداری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دەکێشن، حیزبی ئێمە لەسەر جەماوەریتر کردن و بەرینتر کردن و خەڵکیتر کردنی ڕاسان هەروا بەردەوام ماوەتەوە و بەردەوامیش دەمێنێتەوە.

خۆشەویستانم ئێوە باشتر ئاگادارن هێندێک دەنگی ناساز هەیە دەیانهەوێ نەک تەنیا شەرعی بوونی ڕاسان بەڵکوو ڕەوابوونی خەباتی گەلی ئێمە بەرنە ژێر پرسیارەوە، بەڵام بەخۆشییەوە بەڵگەی یەکجار زۆری ڕەوابوون و عادڵانە بوونی خەباتی گەلی ئێمە و حەقانیەت و شەرعیەتی ڕاسان بەدەستی ئێمەوەن کە تەنیا بەیەک نموونەی چووکە ئیکتفا دەکەین، زۆربەی زۆری هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک دەنگی حەقخوازانەی ئەکسەرییەتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات ڕەخنەیان لە ڕاسان هەبوو، تێبینی و مولاحەزاتی تایبەتی خۆیان هەبوو بەڵام لە کێشەی ڕاساندا زۆر خۆیان بە جیا نەزانی وە ئێستاش ئەوەندەی ئێمە بزانین لە نێو زۆربەی زۆری ئەو هێزە سیاسییانەدا جیا لە جیاوازی سەلیقە و بۆچوون سەنگەری جیاواز نابینرێت، نەک تەنیا سەنگەری جیاواز نابینرێت بەڵکوو سەنگەری خوێناوی هاوبەش لەسەر ئەرزی واقیع گەش گەش دەتروسکێتەوە و دەگەشێتەوە کە ئەمن بەش بە حاڵی خۆم ئەوەی بە نیشانەی دابەزاندنی ئاشتی پایەدار و سیگناڵی ڕێکخستنی پلاتفۆرمی سیاسی هاوبەش و سەرەتای پێکهێنانی بەرەیەکی دێموکراتیکی ڕۆژهەڵاتی دەبینم کە ئاواتەخوازم هەرچی زووترە پێک بێت.

خۆشەویستانم ڕاستە حیزبی ئێمە لە پرۆسەی ڕاساندا هەزینەی قورس و بەهای گرانی کەوت سەرشان بەڵام گیان لەسەردەستانی ئێمە گەلێک پەیامی بەسۆز و کوڵ و زۆر نیدای بەرزی ئینسانیان بە گوێی چەوساوەکانی ناوخۆ و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەشێکی بەرچاوی دانیشتوانی سەر ئەم گەردوونە گەیاند، گیان لەسەر دەستانی ئێمە لە بەرزترین مینبەری خۆبەخشینەوە، لە بەرزترین مینبەری فیداکاری و گیانبازییەوە هاواریان کرد، هاواریان کرد کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و داماویی و دەستەپاچەیی و بێهەڵوێستیان نەگوتووە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان و مل ڕاکێشان و تەسلیم بوون بە ئیرادە و چارەنووسی لە پێشدا دیاریکراویان نەگوتووە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بت پەرستی و چاوبەستی و "لەبەیکی ڕیاکارانە" بە موجریانی فتوای نگریسی جیهادی جادووگەرانیان نەگوتووە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان و "ڕەوزەخانی" و حینگەشەلە و هەنگڵەشەلەی سیاسی نابەوەختیان نەگوتووە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شانۆسازی و سیناریۆڕەنگاندن و "دیزە بەدەرخۆنە کردنی" پرسە هەستیارەکان و بازرگانی کردن بە سیاسەتیان نەگوتووە، لە بەرانبەردا شەهیدانی ئێمە لە قووڵایی ویژدانیانەوە چریکاندیان، چریکاندیان کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەعرەتەی شێرانە و ئیرادەی جیددی و عەقڵی ئازاد و دیفاع و مقاومەتی سەرسەختانە و دلێرانەی مەیدانی لێک دەوەشێنەوە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەگژداچوونەوەی جەلادان و خوێنمژان و تابووتانی میراتگرانی تابووت و لەڕووهەڵچوونەوەی ستەمکارانی مێژوو یەکتر دەخوێننەوە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شکاندنی تەلیسمەکان و هەڵتەکاندنی بوتەکان و نای یەکجاری گوتن بە سیستەمی ویلایەتسالاری دەبێت دەستلەملانی یەکتر بن، ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناتوانێ بۆ هەمیشە "قانگەلاشکی نێو شەپۆلەکان و لایەزی دەم ڕووبارەکان و خێشکی بیلائیرادەی دوای ڕووداوە سیاسییەکان" بێت، ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئیرادە و کەسایەتی مونحەسیر بە فەردی خۆی هەیە، گەشاوەتەوە و لەگەڵ دەرهاتووە، جگە لە پسپۆڕانی کەم وێنەی زانستە جۆراوجۆرەکان گەلێک ڕۆژنامەوانی چاونەترس و سینەماکارانی موعجیزەگەر و سیاسەتمەدارانی بەتوانا و مودافێعانی سەرسەختی حقوقی بەشەری لە نێو هەناوی خۆیدا پەروەردە کردووە، ڕاستە کە ڕێژیم بە تەنیا لە کوردستانەوە نارووخێت وە حیزبی ئێمە هەرگیز ئەوەندەی ئەمن پێم شک بێت نە لە زمانی ڕەسمی و نە لە ئەدەبیاتی سیاسی خۆیدا ئەو ئیدیعای نەکردووە، بەڵام لێرەدا لە ساحەتی موقەدەسی کۆنگرەدا پێمان شوورەیی نییە و بە ڕاشکاوی ڕایدەگەیەنین کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک هەمیشە دەتوانێ سەنگەری ئازادیخوازان و دیواری پۆلایین و پاڵەو پشتێکی قایم و قوڵی جێی متمانەو باوەڕ بێت وە لە هەلومەرجی ڕەخساودا وێڕای میللەتانی چەوساوەی ئێران دەتوانن ببنە لافاوێکی بەرین و کۆشکی جادووگەران و دزانی سەرگەردەنە بۆ هەمیشە ڕامالن؛ لە ڕابردوودا گوتوومانە و ئێستاش دەیڵێین و سەدان جاری دیکەش پێمان شوورەیی نییە لە دوارۆژدا بیڵێین و بیڵێینەوە، ڕاسان وەچەرخان و سەرلەنوێ ژیانەوە و هەستانەوە و شەرەف و کەرامەتی ئێمەیە وە بۆ پاراستنی ئەو کەرامەتەمان ئامادەین ئاخرین نوکەی توانامان وەگەڕبخەین وە دڵنیاشین دوارۆژی میللەتانی چەوساوەی ئێرانییە.

خۆسەویستانم ڕاسان جارێکی دیکەش ئەو حەقیقەتەی پشت ڕاست کردەوە کە هەر میللەتێکی چەوساوە ئەگەر کادری سیاسی بە تواناو لێوەشاوەی لە مەیدانی گەرمی کێشەکانی ناوخۆدا نەبێت لە ئامانجەکانی دوور دەکەوێتەوە، هەر گەلێکی ژێرچەپۆک ئەگەر جەنگاوەری گیان لەسەر دەست و جەربەزە و فیداکاری، لە مەیدانی گەرمی کارزاری حەق و ناحەق و لێکڕاکێشان و پێکدادانی تاریکی و ڕووناکیدا نەبێت ناکەوێتە سەر ڕەیل و ڕێبازی سەرکەوتن نەبوونی ئەو دوو عونسورە کاریگەرە شانبەشان و هاوتەریب لەگەڵ یەکتر بەمەبەستی دیفاع و پارێزگاری لە مان و مەوجوودیەت و باوەش لێدانی بەها بەرزە ئینسانییەکان چۆکی میللەتانی ژێر دەستی دنیا دەشکێنێ.

عەرایزم درێژبووە و شەرمەندەی ئێوە و داوای لێبوردنتان لێدەکەم؛ بۆیە سەبارەت بە ناوەڕۆکی کۆنگرە تەنیا ئەوەندەتان عەرزدەکەم کە هاوڕێیانی ئێمە بەمەبەستی چاکسازی، وە بەمەبەستی تەکانی سالم و حەکیمانە گەلێک پێشنیاری جیددی و ڕێنوێنی خەلاق و شوعاری گونجاو لەگەڵ سەردەمیان پێیە کە لە پرۆسەی کارو باری کۆنگرەدا بە عەرزی کۆنگرەیان دەگەیەنن، هیوادارم کۆنگرەی ١٦هەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ببێتە هەوێن و جەوهەری هاودەنگی، ببێتە سەکۆیەک بۆ هەڵفڕین بەرەو قۆناغێکی تازە کە لەو قۆناغەدا حیزبی ئێمە بتوانێ بە ئەو پەڕی یەکگرتوویی و بە ئەوپەڕی پشوودرێژی و بە ئەوپەڕی یەکگرتوویی کەم وێنە و پارادایم و میتۆدی گونجاو خەباتی خۆی لەگەڵ جوغرافیای سیاسی و ئاڵوگۆڕ و موعەدەلاتی ناوخۆ و ئیقلیم و گەردوون هەماهەنگ بکاتەوە

سڵاو دەنێرم بۆ ئازادیخوازانی سەرتاسەری ئەو دنیایە

کڕنۆش بۆ ئیمامانی سیاسی، پێشەوا، قاسملوو ،شەرەفکەندی

ڕێز و نەوازش و لاواندنەوەی ڕۆحی بێ جیاوازی، بێ فەرق و فروق، بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕۆژهەڵات وە بەتایبەت شەهیدانی قۆناغی تازەمان، دڵنیام تاجی شانازی سەرسەری خانەوادەو کەس و کاریان بۆ هەمیشە لە مێژوودا درەوشاوە و درەوشاوەتر دەمێنێتەوە

سڵاو دەنێرم بۆ خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و سەرتاسەری ئێران

ڕێز بۆ کەمئەندامان

سڵاو بۆ زیندانیانی سیاسی وە بە تایبەتی سڵاوێکی تایبەتی بۆ نێلسۆن ماندێلا بە ساڵدا چووەکانی نێو زیندانی ڕێژیم وە بەتایبەتی کاک محەممەدی نەزەری، وە سڵاوێکی تایبەتیتر بۆ نێلسۆن ماندێلای زنجیر پسێنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاک سدیقی کەبوودوەند دەنێرینەوە.

قەڵەمی کادرە تێکۆشەرەکان و دەست و پەنجەی سەر گێلەنگەدەنی ئەو پێشمەرگانە لەسەر سەرم دادەنێمەوە، کە لە سەنگەری دیفاعدا سەرسەختانە و دلێرانە مقاومەت دەکەن.

سەرکەوتوو بن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی ڕۆژهەڵاتی جەماوەریتر بێ ڕاسان و ئاوڕدانەوەی جیددی و بە کردەوە

سەرکەوێ کۆنگرەی ١٦هەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داتەپین بۆ کۆشکی جەردەنشینی جەماران

شەکاوە بێت ئاڵای کوردستان و هەر دڵێ خۆشی نەوێ ڕەبی وەبەر خەنجەر کەوێ

سوپاستان دەکەم

# بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## پێشەکی:

کوردستان لەو پانتا جوگرافیایی‌یەدا هەڵکەوتووە، کە بە ناوچەی "ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست" ناودێر کراوە و هەرێمێکی دەوڵەمەند لە بواری سەرچاوە سروشتییەکانە. ئەو ناوچەیە شوێنی سەرهەڵدانی چەندین شارستانییەتی مێژوویی و ئایینیی جیاوازە، کە هەر کام لقی جۆراوجۆریان لێ بۆتەوە و خاوەنی پێڕەوی خۆیانن. ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە بواری پێکهاتەی کولتووری و نەتەوەییشەوە ناوچەیەکی فرەڕەنگە و چەندین نەتەوەی تێدا دەژین، کە هەرکام خاوەنی کولتووری خۆیانن و هەرکام لەم کولتوورانە خاوەنی ناسنامە و بایەخ و سەنگی تایبەت بە خۆیانن. ئەو ناوچە فرەڕەنگە، لە کاتی دامەزرانی دەوڵەتە مودێرنەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بە هۆی بێبەشکرانی بەشێك لە گەلانی ئەو ناوچەیە لە مافی دیاریکردنی چارەنووسیان و جێگیرنەبوونی دێموکراسی، مەکۆی کێشە و گرفت بووە.

لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی وەها ڕەنگاڵە و فرەچەشندا، نەتەوەی کورد خاوەن شارستانییەتێکی دێرینە. کورد لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتە دێرینەکاندا، مودێلێك لە دەسەڵاتداریەتی تایبەت بە خۆی هەبوو، کە جیاواز لە هەموو دەسەڵاتەکانی دەوروبەر بوو. دەسەڵاتی مادەکان لەسەر بنەمای یەکیەتیی دڵخوازانەی قەوم و هۆزەکانی نیشتەجێی زاگرۆس پێک هاتبوو و شێوە ئیدارەیەکی هاوبەش، کە تێیدا دان بە جیاوازییەکان نرابوو، هاتبووە ئاراوە. مێژووی ماد، نیشانی داوە کە تەنیا لە بەرامبەر هێرشی دەرەکیدا بەرگریی لە خۆی کردووە و هێرشی بۆ سەر خاک و خەڵکی دیکە نەکردووە. هەروەها بەپێچەوانەی ئیمپراتۆرییەکانی دەوروبەریش، ئایینێکی ڕەسمی نەبووە. دوای ڕووخانی دەسەڵاتی ماد، هەرچەند کورد بە درێژایی مێژوو دەسەڵاتێکی یەکدەستی نەبووە، کە تەواو خاکی کوردستان بگرێتە خۆ، بەڵام مێژووی کورد پڕە لە خەباتی ڕزگاریخوازانە و بەرگریکارانە لە بەرامبەر هێرشی بێگانە لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا و لە هەر شوێنێکی کوردستان کە توانای هەبووبێت، دەسەڵاتی خۆی دامەزراندووە.

شارستانییەتی کورد لە ناسنامەی نەتەوەیی و سیاسەتی ڕێکخراو و حکوومەتی مودێرنی کورددا ڕەنگی داوەتەوە. سەرەڕای سیاسەتی نکۆڵیکردن لە نەتەوەی کورد، لە لایەن ئەو دەوڵەتانەی کە لە ڕێگای هێزی نیزامییەوە حاکمیەتی خۆیان بەسەر کوردستاندا سەپاندووە، بەردەوامییەکی مێژوویی لە نێوان ئەو شارستانییەتە دێرینە و ناسنامەی نەتەوەیی کورد و گوتار و کرداری سیاسی لە کوردستاندا دەبینین. وەک نموونە، دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین، کە حکوومەتی مودێرنی کورد لە خۆرهەڵات (لە ساڵی ١٣٢٤)، لە باشوور (لە دوای ڕاپەڕینی ١٣٧٠) و ئیدارەی خۆرئاوای کوردستان (لە ساڵی ١٣٩٤)ـی هەتاوی، نەک تەنیا خوازیاری ئەوە نەبوون ئایینی ڕەسمییان هەبێت، بەڵکوو جەختیان لەسەر لێبوردەیی (تۆلێرانس) بۆ جیاوازیی ئایینی، مەزهەبی و ئێتنیکی کردووە. هەروەها لە جێگای خۆیدایە ئاماژە بەوە بکرێت، کە حیزبی دێموکرات، وەک دامەزرێنەری کۆماری کوردستان، سێکۆلاریزم و پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانەی لەگەڵ نەتەوە و ئایینی دیکە، بە سیاسەتی نەگۆڕی خۆی لە ١٣٢٤ـەوە تاکوو ئێستا ڕەچاو کردووە.

کورد یەکێک لە گەورەترین نەتەوە بێدەوڵەتەکانە. خاکی کوردستان لە پاش شەڕی چاڵدێران، کە لە ساڵی ٨٩٣ی هەتاوی (١٥١٤ی زایینیـ)ـدا لە نێوان دوو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و سەفەویدا ڕووی دا، بە کردەوە دژ بە ئیرادە و ویستی کورد دابەش کرا. ئەم دابەشکردنە لە ساڵی ١٠١٨ی هەتاوی (١٦٣٩ی زایینی)ـدا بە واژۆکردنی "پەیمانی زەهاو" لە نێوان حکوومەتی سەفەوی و حکوومەتی عوسمانیدا، بە فەرمی ڕاگەیەندرا. دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، خاک و خەڵکی کوردستان بۆ جارێکی دیکە ڕووبەڕووی دابەشکردنێکی تازە بوونەوە و دواجار بە سەر چوار وڵاتی تورکیە، ئێران، عێراق و سووریەدا دابەش کرانەوە. نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بە هۆی دەسەڵاتدارانی ئەو چوار وڵاتەوە، مافە نەتەوایەتییەکانیان پێشێل کراوە.

## خەباتی نەتەوایەتی لە کوردستان

تێکۆشانی نەتەوەیی کورد، بۆ وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەشێك لە خەباتی گشتیی نەتەوایەتیی کوردە، کە لە ساڵانی کۆتایی سەدەی نۆزدەوە بە گەشەکردنی هزری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، سەری هەڵداوە. لە ساڵی ١٢٥٩ی هەتاوی (١٨٨٠ی زایینی) بەملاوە، بە دەستپێکردنی ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە دژی هەر دوو دەسەڵاتی عوسمانی و قاجار و بە هێنانەگۆڕی داخوازیی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی، بەردی بناغەی بیری نەتەوەیی لە هەموو کوردستاندا دانرا. بەڵام بە هۆی گەشە نەکردنی بواری ئابووری، پیشەسازی، ڕێگەنەدان بە گەشەکردنی سیستمی پەروەردە، نەبوونی دەرەتان و ئامرازی پێوەندی و ڕاگەیاندن بۆ بڵاوکردنەوەی هزری نەتەوەیی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا، خەباتێکی ڕێکخراوەیی هەمەلایەنە بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی لەو بەشەی کوردستان درەنگتر بیچمی گرت. سەرەڕای ئەمەش پێشەنگەکانی کۆمەڵگای کوردستان ساتێك لە بیری ڕزگاریی نەتەوەیی غافڵ نەبوون، بۆیە یەکەم هەوڵی دەسەڵاتدارانی نوێی ئێران لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بۆ دامەزرانی سیستمێکی ناوەندگەرا، لەگەڵ خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان بەرەوڕوو بووەوە. لە ساڵانی کۆتایی شەڕی جیهانیی یەکەمدا بە هاتنە سەرکاری ڕەزاخانی پەهلەوی، بیری دەوڵەت نەتەوەی یەکدەست لە ڕێگای هێزی نیزامییەوە سەپێندرا و تواندنەوەی نەتەوەکانی دیکە لە ئێراندا بوو بە سیاسەتی باو. هەروەها هەوڵ درا لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەی کە پێشتر تەنیا چوارچێوەیەکی جوگرافیایی بۆ هەموو نەتەوەکان بوو، بیکەن بە بنەمای ناسنامەیەکی دەستکرد بە ناوی نەتەوەی ئێران. لە نێو هەموو نەتەوەکانی ئێراندا سەرهەڵدان دژی سیاسەتی سڕینەوە و حاشاکردن هاتە ئاراوە و لە نێو نەتەوەی کوردیشدا ڕاپەڕین دژی دەسەڵاتی سەرکوتکەر و حاشالێکەری ڕەزاخان سەریان هەڵدا. یەکێک لە بەناوبانگترین ڕاپەڕینەکان لە کوردستان، ڕاپەڕینی سمکۆی شکاک بوو. سمکۆی شکاک سەرهەڵدانێکی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بە مەبەستی دامەزرانی قەوارەیەکی نەتەوەیی بۆ گەلی کورد، وەڕێ خست. هاوکاتبوونی ڕاپەڕینی سمکۆ لەگەڵ سەرهەڵدانە نەتەوەییەکانی شێخ مەحموودی بەرزنجی و شێخ سەعیدی پیران لە باشوور و باکووری کوردستان، لە بەرامبەر دەوڵەتە تازەدامەزراوەکانی عێراق و تورکیەدا، دەرفەتێکی مێژوویی بۆ کورد ڕەخساند، تا بتوانێت چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێت، بەڵام هەلومەرجی دژواری نێونەتەوەیی ئەو سەردەمە، زیاتر ناوچەکەی کردە مەیدانی گەمەی ستراتیژی نوێی زلهێزەکان. ئامادەنەبوونی زەمینەی نێوخۆیی و هێرشە هەمەلایەنەکانی هەر سێ دەوڵەتی تازەدامەزراو و پشتیوانەکانیان بۆ سەر کوردستان، هەر سێکی ئەو ڕاپەڕینانەیان تێك شکاند. گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای ئەو تێکشکانانە، وازی لە هەوڵدان بۆ خۆ ڕێکخستنەوە بە مەبەستی داواکردنی مافە نەتەوەیی‌یەکانی نەهێنا و بە کەڵکوەرگرتن لە هەلومەرجە ناوچەیی و جیهانییەکان، تێکۆشانی خۆی بە مەبەستی پێکهێنانی ڕێکخراوەیەکی سیاسی، کە بتوانێت هەستی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا پەرە پێ بدات، دەست پێکرد. پێشەنگ و بژاردە و ڕووناکبیرەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە کەڵکوەرگرتن لە هەلومەرجی سیاسیی پێکهاتوو لە ئەنجامی شەڕی جیهانیی دووهەم، لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ی هەتاویدا (١٦ی ئووتی ١٩٤٢ی زایینی) ڕێکخراوی نهێنیی "ژ. ك"، (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)ـیان دامەزراند. دوای سێ ساڵ خەباتی نهێنی و ئەزموونی ڕێکخراوەیی، لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی (١٦ی ئووتی ١٩٤٥ی زایینی)ـدا و لەسەر بنەمای تەشکیلاتییەکانی ئەم ڕێکخراوەیە و بە خوێندنەوەیەکی واقیعبینانە کە وڵامدەری بارودۆخی نێوخۆیی کوردستان و هەروەها هەلومەرجی نێودەوڵەتیی ئەو سەردەمە بوو، حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەك ڕێکخراوێکی مودێرن دامەزرا. دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕێبەریی پێشەوا قازی محەممەد، وڵامێکی بەجێ و مێژوویی بوو بۆ ئەو قۆناغە گرنگەی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان. دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەك تاکە پێشەنگ و ڕێکخەری جووڵانەوەی میللی- دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان، لە مێژووی خەباتی نەتەوەیی کورد لە پێناو مافی دیاریکردنی چارەنووسیدا، بە خاڵێکی وەرچەرخانیش دەژمێردرێت.

لە مێژووی مودێرنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حیزبی دێموکرات یەکەمین حیزبی کوردستانی بوو، کە هەستی بە گرینگی ڕێکخراوی سیاسی کرد و هەر بە ڕێبەرایەتی ئەم حیزبە پێشڕەوە خەڵکی کورد بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، بوو بە خاوەنی دەسەڵاتێکی نیشتمانی و دێموکراتیك لە شێوەی کۆماریدا. پێشەوا قازی محەممەد ڕێبەری هەڵکەوتووی ئەم حیزبە، لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤دا (٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦) بە ڕەسمی دامەزرانی "کۆماری کوردستان"ـی ڕاگەیاند و بوو بە سەرکۆماری ئەم کۆمارە. کۆماری کوردستان لە ماوەی تەمەنی کورتی خۆیدا کە یازدە مانگی خایاند، کۆمەڵێك دەسکەوتی بەنرخی بۆ گەلی کورد بەجێ هێشت.

بە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد، لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاویدا (٣٠ی مارسی ١٩٤٧ی زایینی)، لە لایەن ڕێژیمی پاشایەتییەوە، خەباتی حیزبی دێموکرات کەوتە قۆناغێکی ئەستەمەوە، بەڵام حیزبی دێموکرات وەك حیزبێکی ڕێنوێن، درێژەپێدەر و وەدیهێنەری ئامانجە بەرزەکانی کۆماری کوردستان، ئەرکی ڕێکخستنی بزاڤی میللی- دێموکراتیکی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی درێژە پێ دا.

خەباتی چەکداری ساڵەکانی ١٣٤٦- ١٣٤٧ (١٩٦٧ -١٩٦٨)، لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە، بۆ جارێکی دیکەش، دوای کۆماری کوردستان، دەنگی ئازادیخوازیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گوێی جیهانیان گەیاند. هەرچەند ئەو جارەش پۆلێك لە ڕێبەران و پێشمەرگە شۆڕشگێڕەکانی دێموکرات خوێنیان ڕژایە سەر خاکی کوردستان، بەڵام بەو ڕاپەڕینە لاپەڕەیەکی دیکەی پڕ لە شانازی و حەماسەیان لە مێژووی جووڵانەوەی کورددا تۆمار کرد و ئەو ڕاستییەیان بە دۆست و دوژمنانی ئازادی و نەتەوەی کورد سەلماند، کە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەی خەبات و گیانبازی دان. هەر ئەو فیداکاری و لەخۆبوردوویییەی کە هەتا ئێستاش بووەتە یەکێك لەو هۆکارانەی کە حیزبی دێموکراتی کردۆتە حیزبی خۆشەویست و جێگای بڕوا و متمانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

پاش سەرکوتی ئەم جووڵانەوەیە، ڕێبەری زانای کورد، د. عەبدولڕەحمان قاسملوو ڕێبەرایەتیی حیزب و لەم ڕێگاشەوە ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە دەستەوە گرت. د. قاسملوو بەرنامە و پێڕەو و پێکهاتەی حیزبی لەسەر بنەمای فەرهەنگی شۆڕشگێڕانە و ئوسوول و پرەنسیپە دێموکراتیکەکان ڕێك خستەوە و حیزبی دێموکراتی گەیاندە ئاستێکی کاریگەرتر.

دوای ڕاپەڕینی بەرینی گەلانی ئێران، لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی (١٩٧٩ی زایینی)، حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ی هەتاویدا (٢٦ی فێورییەی ١٩٧٩ی زایینی)، پاش زیاتر لە ٣٠ ساڵ خەباتی نهێنی، لە میتینگێکی گەورە لە شاری مەهاباددا، خەباتی ئاشکرای خۆی ڕاگەیاندەوە. حیزبی دێموکرات داخوازە نەتەوەیی‌یەکانی گەلی کوردی بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە خستە بەردەست دەسەڵاتدارانی ئاخوندیی پاش شۆڕش لە ئێراندا، بەڵام ڕێژیمی نوێ بە شەڕ و سەرکوت وڵامی داخوازییەکانی نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی دایەوە. هەر لەو کاتەدا ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو، شەپۆلێکی توندئاژۆیی و دژایەتیی لەگەڵ گەلان و بەشێك لە وڵاتانی جیهان و هاووڵاتییانی جیابیری دەست پێ کرد.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا حیزبی دێموکرات، کە دەرکی بە نێوەڕۆکی دواکەوتووانە و دیکتاتۆریی ئەم ڕێژیمە کردبوو، ڕێفراندۆمی چەواشەکراوی دیاریکردنی سیستمی حکوومەتیی لە ئێراندا تەحریم کرد.

لەو کاتەوە داخوازییە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی گەلی کورد، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەردەوامی هاندەر و هەوێنی گشت چالاکییە سیاسییەکانی کۆمەڵانی خەڵک و حیزبی دێموکرات بوون. بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێڕای پێداگری لەسەر مافە نەتەوەیی‌یەکانی گەلی کورد لەو پارچەیە، هاوکات بوو بە مەکۆی خەبات لە دژی هەر جۆرە کۆنەپەرستی، دیکتاتۆری و چەوسانەوەیەك. بە شێوەیەک کە نەك تەنیا ئازادیخوازانی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، بەڵکوو تێکۆشەرانی ئێرانیش، لە کوردستانەوە هاواری ئازادیخوازیی خۆیان بە گوێی جیهان گەیاندووە. بۆیەش خەباتی هەنووکەیی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاوکات لەسەر دوو هێڵی ڕزگاریی نەتەوەیی و دێموکراسیخوازی دەچێتە پێشەوە.

لە هەلومەرجی ئێستەی ناوچەیی و جیهانیدا، دوای ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان لە ناوچە و تێکچوونی بەشێک لە هاوپەیمانییە کۆنەکان و هاتنە ئارای هاوپەیمانیی نوێ و شەڕی دژی توندئاژۆیی و دیاردەیەک کە بە ناوی بەهاری عەرەبی دەستی پێ کرد و بە دوای ئەو ڕووداوانەدا دەستێوەردانەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی تاران بەربڵاوتر بوونەتەوە. کۆی ئەم هۆکارانە لە لایەک شوێندانەربوون بۆ پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە سیاسەت و کرداری شۆڕشگێڕانە و خەباتکارانەی حیزبی دێموکراتدا و لە لایەکی دیکەوە، دوای بیست ساڵ تێپەڕین بەسەر ڕاگرتنی خەباتی چەکداری، کۆماری ئیسلامی ئەو دەرەتانەی هەبوو، کە بەشێوەی سیاسی و مەدەنی کێشەی نەتەوەکان و کێشەی کورد چارەسەر بکات؛ بەڵام کۆماری ئیسلامی سەلماندیەوە، کە لە ماهیەت و ئیدئۆلۆژییەکەیدا شتێک بە ناوی ئاشتی و چارەسەریی ئاشتییانە نییە و هەروەها گوشار و داواکاریی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ خەباتی جیدیتر لە پێناو سەلماندنەوەی ئیرادەی نەتەوەیی کورد لەو بەشەی کوردستاندا، حیزبی دێموکرات بە پێداگری لەسەر بەردەوامیی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، قۆناغێکی دیکەی لە خەباتی جیددی لە پێناو وەگەڕخستنی تواناکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەست پێ کردۆتەوە، کە خەڵکی کوردستان بە "ڕاسانی ڕۆژهەڵات"ـیان ناساندووە.

ڕاسانی گەلی کورد لەم قۆناغە نوێیەدا، کە بەشێوەیەکی بەرنامەدارتر و لە ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە لە پێناوی گرێدانی خەباتی شاخ و شاردا هەوڵ دەدات، کە هێزی هێما و وڕەبەخشی پێشمەرگە و وزەی جەماوەر تێکەڵ بکات و ئەرکی خەباتی ڕزگاریخوازانە بەربڵاوتر و هەمەلایەنتر بکات. ئەم ئەرکە قورس و پڕ لە شانازییە بە خوێنی شەهیدانی نوێ و بەتایبەت لە کادرە بەرجەستەکان و ئەندامی ڕێبەریی حیزب هەڵگیراوەتەوە و ڕاسانی خۆرهەڵات دەیەوێت هەموو چین و توێژی کۆمەڵگا خۆیان بە خاوەنی خەبات بزانن و تێیدا بەشدار ببن.

## بنەما فیکری و سیاسییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەسەر بنەمایەك داڕێژراوە کە کەرامەتی مرۆڤ بە گرینگترین بەهای ژیان دەزانێ. لە فیکری سیاسیی مودێرندا، کەرامەت وەك بەهایەکی گەردوونی ناسراوە و لە جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤدا، کە لە ساڵی ١٣٢٧ی هەتاویدا (١٩٤٨ی زایینی)، لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەند کراوە، گرینگییەکی سەرەکی پێ دراوە و وەك "بنەمای ئازادی، دادپەروەری و ئاشتی" لە جیهاندا جەختی لەسەر کراوە.

لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتەوە، کەرامەت دوو سەرچاوەی سەرەکیی هەیە: لە لایەکەوە دابینکردنی پێداویستی ماددیی مرۆڤ و لە لایەکی دیکەوە پێکهێنانی فەزایەکی سیاسیی ئازاد بۆ ئەوەی هەر تاکێك بتوانێ خاوەنی کەسایەتی و ناسنامەی ئێتنیکی، ئایینی و نەتەوەیی خۆی بێ و هەروەها بۆ ئەوەی ستەمی جنسی یان جێندەری کۆتایی پێ بێت. لێرەدا دەبێ دان بە ستەمی بەکۆمەڵ و لەمێژینە لەهەمبەر ژندا بنرێت، بۆ ئەوەی ژنان بتوانن لە چەوساندنەوەی کولتووری، ئایینی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕزگاریان بێت و لە کەرامەتی مرۆڤیی بێبەش نەبن. مرۆڤێك کە لە هەژاریدا ڕاگیراوە، مرۆڤێك کە نکۆڵی لە ناسنامە ئێتنیکی، ئایینی یان نەتەوەییەکەی دەکرێت، یان دەکەوێتە بەر تەوژمی سیاسەتی تواندنەوە و سووکایەتی پێکردن یان لەژێر ستەمی جنسیدا دەژیت، مرۆڤێکە کە کەرامەتی لێ زەوت کراوە.

نکۆڵیکردن لە زمان، کولتوور و ناسنامەی نەتەوەیی مرۆڤی کورد، یان هەوڵدان بۆ تواندنەوەیان لەنێو کولتووری نەتەوەیەکی دیکەدا، زەوت کردنی کەرامەتی مرۆڤی کوردە. ژیانی مرۆڤی کورد، بە بوونی زمان، کولتوور و ناسنامەی نەتەوەیی کوردییەوە مانا پەیدا دەکات، بۆیە داکۆکی کردن لە مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورد، داکۆکی کردنە لە بەها و کەرامەتی مرۆڤانە.

نەتەوەی کورد، خوازیاری ئەو

مافانەیە کە نەتەوەکانی خاوەن سەروەریی (حاکمیەتی) سیاسی و دەوڵەتی سەربەخۆ، بۆ خۆیانی بە ڕەوای دەزانن؛ بۆیە حیزبی دێموکرات بەپێچەوانەی هەندێک هێز کە چاوپۆشی لە مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێراندا دەکەن و تەنیا گرینگی بە کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری یان پێشێلکردنی مافی تاکەکەس لە لایەن دیکتاتۆرییەتەوە دەدەن، دانپێدانان بە ناسنامەی نەتەوەیی و ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤی نەتەوە ستەملێکراوەکان بە مەسەلەی بنەرەتی دەزانێت. بەکورتی، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ستەمی ڕەگەزی، نەتەوەیی و چینایەتی و هەروەها ستەم لە کەمئەندامان بە ڕێگری سەرەکیی بەهرەمەندیی مرۆڤ لە کەرامەت دەزانێ. ئەم تێگەیشتنە فەلسەفی و سیاسییە لە کەرامەت، لە ئامانجە سەرەکییەکانی حیزبی دێموکراتدا ڕەنگ دەداتەوە.

سیاسەتی نکۆڵیکردن و سووکایەتیکردن بە بەها و هێما نەتەوەیییەکانی کورد، تورکی ئازەربایجان، عەرەب، تورکمەن و بەلووچ لە لایەن ڕێژیمە یەك لە دوای یەکەکانی ئێرانەوە، نیشاندەری ئەو ڕاستییە مێژوویی و سیاسییەیە، کە لای حکوومەت و لە نێو هەندێک ڕەوتی ناسیۆنالیزمی فارسدا بووەتە شۆڤێنیزم. شۆڤێنیزم نەک تەنیا ڕێگرە لە بەرانبەریی نێوان نەتەوەکان، بەڵکوو بەردەوام دیکتاتۆریی لە ئێراندا بەرهەم هێناوەتەوە، چوونکە دیکتاتۆریی و کۆکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی، ئابووری و نیزامی لە تاراندا، زامنی ئەو باڵادەستییەیە. دەوڵەتی حاکم لە ئێران و هەروەها بەشێک لە ڕووناکبیران، ڕۆژنامەوانان و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی نەتەوەی فارس "جوداییخوازی" یان "تێکدانی ئەمنییەتی ئێران" وەک پاساوێک بۆ ڕەواییدان بەو باڵادەستییە و سەرکوتی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بەکار دەهێنن. لە گوتاری دەوڵەتی ئێران و بەشێکی زۆر لە ئۆپۆزیسیۆنی فارسدا، دەستەواژەی "جوداییخوازیی" کراوە بە تاوانێک کە دەبێ بە زەبروزەنگ و هێزی نیزامی وڵام بدرێتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەوەی ئەوان بە جوداییخوازی ناوی دەبەن، چەواشەکردنی "مافی دیاریکردنی چارەنووس"ە و بۆیە مافە نەک تاوان. هەروەها "ئەمنییەتی میللی" لە ئێران ئەفسانەیەکە، کە لەسەر حیسابی ئەمنییەتی نەتەوەیی کورد، تورکی ئازەربایجان، عەرەب، تورکمەن و بەلووچ لە ڕێگای هێزی نیزامییەوە سەپێندراوە. لە ڕاستیدا لە گوتاری دەوڵەتی ئێراندا "ئەمنییەتی میللیی ئێران" پاساوێکە بۆ پاراستنی ئەمنییەتی ڕێژیمێکی دیکتاتۆر کە تێکدانی ئەو بەناو ئەمنییەتە ستەمکارانە نەک تاوان نییە، بەڵکوو ڕەوایە.

سیاسەتی ئینکارکردن و تواندنەوە بۆ زیاتر لە سەد ساڵ، بە کەڵکوەرگرتن لە زەبروزەنگی جەستەیی و دەروونی، نەیتوانیوە نەتەوەی کورد بە چۆکدا بێنێ و لە ویستەکانی خۆی پاشگەزی بکاتەوە. ناسنامەی نەتەوەیی کورد بنەمایەکی بابەتی هەیە، لەوانە: (خاك، زمان، کولتوور و مێژووی هاوبەش) و نەتەوەی کورد لەسەر ئەو بنەمایە، ویستێکی هاوبەشی بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی و سەروەریی سیاسی لەسەر خاکی خۆی هەیە. لە هەمان کاتیشدا کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕابردوویەکی دوور و درێژی دراوسێیەتی و پێکەوەژیانی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران هەیە و خوازیاری ئەوەیە ڕێز لە ماف و کەرامەتی مرۆڤانەی یەکتر بگرن و پەیوەندیی ئاشتییانەیان لەگەڵ یەکتردا هەبێ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا سیاسەتی نکۆڵیکردن لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆی و پێشێلکردنی مافەکانی قەبووڵ ناکات، کەوابوو دانپێدانان بە ناسنامەی یەکتر لە ئێراندا، پێشمەرجی پێکەوەژیانی دڵخوازانەی نەتەوەکانی ئێران، لە داهاتووی ئەم وڵاتەیە.

چوارچێوەی فیکریی حیزبی دێموکرات و ئەو فەلسەفەیەی کە لەسەری دامەزراوە، بە ڕوونی لە دژایەتیدایە لەگەڵ دیکتاتۆرییەتی ڕێژیمی پاشایەتی و ئەو تیئۆکراسییەی کە "کۆماری ئیسلامی" لە پاش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا (١٩٧٩ی زایینی)، لە سەری بونیات نراوە و هەر جۆرە دیکتاتۆرییەکی دیکە. تیئۆکراسی (حکوومەتی خودا یان ڕۆحانییەت) لەگەڵ دێموکراسی (حکوومەتی خەڵك) لە نێوەڕۆکدا لە دژایەتیدایە.

سەبارەت بە سیستەمی سیاسی بۆ داهاتووی ئێرانی دێموکراتیک، حیزبی دێموکرات بە لەبەرچاوگرتنی فرەنەتەوەیی بوونی ئێران و داخوازی مافی نەتەوایەتی لە کوردستان، ئازەربایجان، بەلووچستان و ئەهواز و تورکمەنسەحرا، لە هەلومەرجی ئێستەدا سیستمی فێدراڵی بە گونجاو دەزانێ. چونکە لە وەها سیستمێکدا نەک تەنیا دەسەڵات بەڵکوو سەروەریش لە نێوان حکوومەتی فێدراڵ و حکوومەتە هەرێمییەکاندا دابەش دەکرێت. بۆ نەتەوەی کورد، گرنگ ئەوەیە لەسەر خاکی خۆی سەروەر بێ. دابینکردنی ئاسایشی نێوخۆی کوردستان، سیاسەتی پەروەردە، سیاسەتی کولتووری، کۆمەڵایەتی و کاروباری ئابووریی نێوخۆی کوردستان، دەبێ لە ئەستۆی حکوومەتی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ.

فرەنەتەوەیی بوونی ئێران وا دەخوازێت، کە سنووری یەکە یان هەرێمە پێکهێنەرەکانی ئێرانی فێدراڵ لەسەر بنەمای نەتەوەیی - جوگرافیایی دیاری بکرێن، هەروەها دەبێ دەسەڵات و توانستەکان لە نێوان حکوومەتی فێدراڵ و حکوومەتە هەرێمییەکاندا، بە جۆرێك دابەش بکرێن، کە مافی نەتەوەکانی ئێران لە چوارچێوەی هەرێمی خۆیاندا دەستەبەر بکرێت و دەرفەتی بەشداربوونی یەکسانیان لە بەڕێوەبردنی سیستەمی فێدراڵدا بۆ بڕەخسێنێت.

### سووسیالیزمی دێموکراتیک

لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی بەختەوەر لەسەر بنەمای دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ئامانجێکی نەگۆڕە. بۆ وەدەستهێنانی ئەو مافە، حیزبی دێموکرات سووسیالیزمی دێموکراتیکی وەك ئامانجی دوارۆژ دیاری کردووە. خاڵە سەرەکییەکانی ئەو کۆمەڵگا دێموکراتیك و سووسیالیستییە ئەمانەن:

ـ بۆ ئەوەی ئازادی بۆ هەموو ئەندامێکی کۆمەڵگا دەستەبەر بێ، پێویستە لە پاڵ دەرەتانی یەکسانیی سیاسی، هەوڵ بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتیش بدرێت.

ـ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی ئامانجێکە کە دەبێ هەمیشە خەباتی بۆ بکرێت، چونکە داهات و دەرکەوتی کۆمەڵگا و بەگشتی دارایی وڵات، ئەگەر لە ڕێگای سیاسەتێکی دابەشکردنی خزمەتگوزاریی دادپەروەرانەی داراییەوە چوارچێوەیەکی بۆ دانەنرێت و ئەو سەروەتەی کە لە کۆمەڵگادا بەرهەم دەهێنرێت، بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش نەکرێت، نایەکسانی و کێشەی کۆمەڵایەتی بەرهەم دێنێت.

ـ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە ڕێگای پێکهێنانی سیستمێکی خۆشبژێوییەوە بە باشترین شێوە دەستەبەر دەکرێت، چوونکە ئەو سیستمە پێداویستی ماددی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا لەبەرچاو دەگرێت و هەوڵی دابینکردنی مافی کۆمەڵایەتی بۆ هەمووان دەدات.

## بنەما گشتییەکانی سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە پێبەندبوون و پێداگریی لەسەر ئەو پرەنسیپانەی کە ئاماژەیان پێ دەکرێت، پشتی بە پشتیوانیی هەموولایەنەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەستووە و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، خەبات و تێکۆشانی خۆی بە هەموو تواناوە درێژە دەدات. ئەو خاڵانەی خوارەوە، لە قۆناغی ئێستەدا بنەما گشتییەکانی سیاسەتی حیزبی دێموکرات پێک دێنن:

*حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە هەموو ئاستەکان بەگشتی و لە پێوەندی لەگەڵ چارەسەریی پرسی ڕەوای کورددا، باوەڕی بە مێتۆدی ئاشتی و دیالۆگی بونیاتنەر هەیە.

* حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ گەیشتن بە ئامانجە بەرزە مرۆیی و نەتەوەیییەکانی لە هەموو شێوازەکانی خەباتی ڕەوا، بە مافی بەرگریشەوە، کە لەگەڵ بنەما فیکری و سیاسییەکانی حیزب و پێوانە نێونەتەوەیییەکانی خەباتی ڕەوا دەگونجێن، کەڵك وەردەگرێت.

* حیزبی دێموکرات، وەکوو حیزبێکی پێشەنگی کۆمەڵگا، ئەرکی هەوڵدان بۆ پێگەیاندن و بارهێنان و جێگرتنی پەروەردەیەکی ئەمرۆیی لە نێو ئەندامان و لایەنگرانی لەسەر شانە، هەتاکوو بەو شێوە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەژێر سەرکوت و پەروەردەی ئیدئۆلۆژیک و ستەمکارانی کۆماری ئیسلامیدا، تووشی کولتووری نامرۆڤانەی دەسەڵاتداران نەبن و جیهانێکی مرۆڤانەتر و یەکسانیخوازانەیان لەبەرچاو بێت.

* حیزبی دێموکرات، هەوڵ دەدات، کە لەژێر هرۆژمی هەمەلایەنەی فەرهەنگی و زمانی و پەروەردەیی دەسەڵاتی شۆڤێنیستیدا، فەرهەنگ و زمانی کوردی بپارێزێت و بەپێی توانا هەوڵ بۆ گەشەکردنیان بدات.

* حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خوازیاری هاوپەیمانیی لەگەڵ نەتەوە ماف پێشێلکراوەکان و هێزە دێموکرات و ئازادیخوازەکانی ئێرانە و لەسەر پێوەندی و هاوخەباتیی توندوتۆڵی نێوان نەتەوەکانی ئێران، پێداگری دەکات.

* حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێبەندە بە سەربەخۆیی بڕیاردان، خۆپاراستن لە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی ڕێکخراوەکانی دیکەی سیاسی و لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی دوولایەنە و هاوکاریی دۆستانە پێداگری دەکات.

* حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دژی تێرۆریزم و بەتایبەتی تێرۆریزمی دەوڵەتیيە و مەحکوومی دەکات. تێرۆریزم بریتییە لە: بەئامانج کردنی بەئەنقەستی خەڵکی مەدەنی و لەنێوبردنی جەستەیی ڕێبەرانی سیاسی و کەسانی جیابیر لە ئیدئۆلۆژیی زاڵدا. حیزبی دێموکرات، پێبەندی پاراستنی مافەکانی مرۆڤە و خۆی بە پشتیوانی ئەو هێز و لایەنانە دەزانێت، کە بۆ دێموکراسی و یەکسانی لە نێوان گەلاندا وەک ڕێگاچارەی درێژخایەن بۆ کێشەکانی ئێران و سەقامگیریی مانادار و ئاشتیی پایەدار لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا تێدەکۆشن.

* حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاوهەنگاو لەگەڵ ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن و لەسەر ئەو باوەڕەیە، کە ویست و داخوازیی خەڵک سەرچاوەی سەرەکیی ڕەواییدانە بە سیستمی حوکمڕانی. لە هەلومەرجی ئێستەدا، سیستمێکی دێموکراتیکی فێدراڵ دەتوانێت مافی نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران و یەك لەوان نەتەوەی کورد، دەستەبەر بکات.

* حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەسەر ئەساسی بڕوا بە پلۆرالیزم و فرەچەشن بوونی کۆمەڵگای کوردستان و پێویستیی بە یەکڕیزیی نەتەوەیی و نیشتمانی لە کوردستاندا، بوونی حیزبی دیکەی تێکۆشەر لە پێناوی مافی خەڵکدا هەم بە پێویست دەزانێت و هەم لەسەر هاوپێوەندی و هاوکاری و پێکەوە خەباتکردن لە پێناو ئامانج و بەرژەوەندییە بەرزە نیشتمانی و نەتەوەیییەکاندا پێداگری دەکات.

* حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێکخراوێکی خاوەن پێگەی مێژوویی و جەماوەریی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، هەر بۆیە دەبێ تێبکۆشێت هێزی لەبڕاننەهاتووی نەتەوەکەمان بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی کە لە بەرنامەی حیزبدا داڕێژراون، وەگەڕ بخات. لە وەها ڕەوشێکدایە کە بەرنامەی حیزب دەبێتە هێزێکی ماددی و کارا و دەتوانێت مافە دێموکراتیك و نەتەوەیییەکانی نەتەوەی کورد، لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا وەدی بێنێت. بۆ ئەو مەبەستەش ئەم بەرنامەیە دەخاتە بەرچاوی خەڵکی کوردستان و داوا لە هەموو دانیشتووانی کوردستان دەکات، بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم بەرنامەیە، شێلگیرانە تێبکۆشن. هەروەها پێویستە هەموو خەڵکی ئێران بەگشتی و نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران بەتایبەتی، لە ویست و داخوازە نیشتمانی و دێموکراتیك و نەتەوەیییەکانی خەڵکی کوردستان، ئاگادار بکرێنەوە.

## بەشی یەکەم

## بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

فەسڵی یەکەم: ئامانجە گشتییەکان

١ـ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەیی ـ دێموکراتیکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران و هێزە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی ئێران بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیکی فێدراڵی لە ئێران و وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران خەبات دەکات.

٢ـ ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی دێموکراتیکی سووسیالیستییە.

٣ـ دروشمی ستراتیژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دابینکردنی مافە نەتەوەیییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە چوارچێوەی سیستمێکی دێموکراتیکی فێدراڵ لە ئێراندایە.

٤ـ حیزبی دێموکرات، نەتەوە ستەملێکراوەکان لە ئێراندا، بە هاوچارەنووس دەزانێت و پشتیوانی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ئەوان بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەیییەکانیان دەکات.

٥ـ پشتیوانی لە خەباتی نەتەوەیی ـ دێموکراتیکی نەتەوەی کورد، لە هەموو بەشەکانی کوردستان، ڕێبازی هەمیشەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.

٦ـ حیزبی دێموکرات دژی هەموو شێوازێکی هەڵاواردن، لەسەر بنەمای: پێگەی کۆمەڵایەتی، ڕەنگ، دین، ئایینزا، نژاد، ئێتنیك، جنس و هتدە.

٧ـ حیزبی دێموکرات، لە پێناو یەکسانیی کۆمەڵایەتی و لابردنی ئەو هەڵاواردنە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و کولتوورییە، کە لە دژی ژنان دەکرێت، خەبات دەکات.

٨ـ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پشتیوانی لە خەباتی ئاشتیخوازانە، دێموکراسیخوازانە و نەتەوەیی هەموو نەتەوەکانی جیهان دەکات و لایەنگری دۆستایەتی و ئاشتی نێوان هەموو نەتەوەکانی جیهانە. هاوکات لە نەبوونی دەرفەتی خەباتی سیاسی، حیزبی دێموکرات، هەموو شێوازە ڕەواکانی خەبات بە مافی بەرگریشەوە، بۆ نەتەوە ستەملێکراوەکان بە ڕەوا دەزانێت.

فەسڵی دووهەم: بنچینەکانی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئێستەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واتە قۆناغی پێش ڕزگاری، حیزبی دێموکرات بەپێویستی دەزانێت، بەرنامەیەکی بەرینتر پێشکەش بکات، کە هەروەها مۆدێلی حوکمڕانیی دێموکراتیک بۆ داهاتووی کوردستان و حکوومەتێکی فێدراڵ لە ئێراندا لە خۆ بگرێت.

١ـ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکێك لەو هەرێمانەیە، کە بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە و هاوشان لەگەڵ هەرێمەکانی دیکەی پێکهێنەری ئێران، وڵاتی فێدراڵی ئێران پێك دێنن.

٢ـ هەرێمی کوردستان، هەموو خاکی کوردستانی ئێران دەگرێتەوە. چوارچێوەی جوگرافیایی هەرێمی کوردستان، بەپێی پێوەری جوگرافیایی - نەتەوەیی و ویستی زۆربەی دانیشتووان دیاری دەکرێت.

٣ـ لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، لە هەر شوێنێکی ئێراندا، کە زۆربەی دانیشتووانی کورد بن و داوای مافی نەتەوایەتییان لە چوارچێوەی سنووری جوگرافیایی خۆیاندا بکەن، حکوومەتی هەرێمی کوردستان پشتیوانیان لێ دەکات و ئەوان بە هاوپەیمانی نەتەوەیی و ستراتیژیکیی خۆی دەزانێت. هەروەها لە هەر شوێنێکی ئێراندا کورد نیشتەجێ بێ و داوای مافی کولتووریی خۆی بکات، حکوومەتی هەرێمی کوردستان پشتیوانیان لێ دەکات. بە هەمان شێوە نەتەوە غەیرە کوردەکانی دانیشتووی کوردستانیش لە مافی کولتووریی خۆیان بەهرەمەند دەبن.

٤ـ حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەسەر بنەمای سەروەریی خەڵك و سەربەخۆیی و جیایی سێ دەسەڵاتی یاسادانان، ڕاپەڕاندن و دادوەری و پلۆرالیزم و جیایی دین لە حکوومەت دادەمەزرێت.

٥ـ لە هەرێمی کوردستاندا، سەرچاوەی دەسەڵات، خەڵکە، خەڵك ئەو دەسەڵاتە لە ڕێگای نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خۆیان لە پارلەمانی کوردستان و لە ڕێگای ئۆرگانەکانی حکوومەتی هەرێمەوە بەکار دێنن.

٦ـ پێوەندیی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی فێدراڵی ئێران، لەسەر بنەمای یاسایەکی دێموکراتیك دیاری دەکرێت. نەتەوەی کورد لە هەرێمی کوردستانی ئێران و نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش لە هەرێمەکانی خۆیاندا، لە ڕێگەی دەزگاکانی فێدراڵەوە بەبێ هیچ جیاوازییەك، لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا بەشدار دەبن.

٧ـ هەرێمی کوردستان، ئاڵا، سروود و جێژنی نەتەوەیی خۆی هەیە، کە هەموویان لە پارلەمانی کوردستاندا بڕیاریان لەسەر دەدرێت. ئاڵای کوردستان لە هەموو ئیدارە دەوڵەتی و فەرمییەکاندا هەڵدەدرێت. لە هەرێمی کوردستاندا ئاڵای ئێرانی فێدراڵیش لە تەنیشت ئاڵای کوردستاندا هەڵدەدرێت.

٨ـ پارلەمانی کوردستان، بەرزترین ئۆرگانی یاسادانانی هەرێمی کوردستانە، نوێنەرانی پارلەمان لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی گشتی، یەکسان، بە دەنگدانی نهێنی و ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێن.

٩- ئەنجوومەنی وەزیران لە لایەن پارلەمانەوە متمانەی پێ دەدرێت و بەرانبەر بە پارلەمان وڵامدەرە.

١٠- پاراستنی هێمنی و نەزمی نێوخۆیی هەرێمی کوردستان، لە ئەستۆی پۆلیسی حکوومەتی هەرێمە. ئەرکی هێزی پێشمەرگە، پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و سەروەریی هەرێمی کوردستانە.

١١- زمانی کوردی، زمانی فەرمی هەموو ئاستەکانی خوێندن و پێوەندییە ئیدارییەکانی هەرێمی کوردستانە. لە هەرێمی کوردستان و لە قوتابخانەکاندا، زمانی فارسیش لە پاڵ زمانی کوردیدا دەخوێندرێت.

١٢- پێوەندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان و ئەو وڵاتانەی کە بەرژەوەندی کوردیان تێدایە، لە ڕێگای نوێنەرایەتییەکانی هەرێمی کوردستانەوە بە ڕێککەوتن لەگەڵ حکوومەتی فێدراڵ بەڕێوە دەچێت.

فەسڵی سێهەم مافەکانی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان

١ـ هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی کە لە جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ و پەیماننامە پێوەندیدارەکاندا دەستنیشان کراون، لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا دەستەبەر دەکرێن. هەموو دانیشتووانی کوردستان بەبێ هیچ جیاوازییەکی نەتەوەیی، ڕەگەزی و مەزهەبی لە مافی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و فەرهەنگیی یەکسان، کەڵك وەردەگرن. ئازادی ڕادەربڕین و دەسپێڕاگەیشتن بە زانیاری، مافی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانە و دەستەبەر کردنیان ئەرکی حکوومەتی کوردستانە.

٢ـ ژن و پیاو لە نێو خێزان و لە نێو کۆمەڵگادا، مافی یەکسانیان هەیە و لە وەرگرتنی کار و مووچە یەکسانن و ژنان لە مافی پشووی دووگیانی و منداڵبوون، کەڵك وەردەگرن. حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سڕینەوەی کولتووری پیاوسالاری، بەرنامەیەکی تۆکمە دادەڕێژێت و وێڕای بەیاسایی کردنی لە کۆمەڵگادا، جێبەجێی دەکات.

٣ـ بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانیی ڕەگەزی، ڕاستکردنەوەی ئەو بێعەداڵەتییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەی کە ژنانی کوردستان لەگەڵی بەرەوڕوون، لە کار و شوێنە گرینگەکانی بڕیارداندا، دەرفەتی تایبەتییان بۆ دەڕەخسێت.

٤ـ حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەرامبەر بە دەستەبەرکردنی هەموو مافی منداڵان، کە لە بەیاننامەی جیهانیی مافی منداڵدا هاتووە، خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت.

٥ـ کەمینە نەتەوایەتی و ئایینییەکانی هەرێمی کوردستان، لە هەموو مافە دیاریکراوەکانی نێو جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ بەهرەمەند دەبن و لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ پەرەپێدان و پاراستنی کولتووری خۆیان یارمەتی دەدرێن.

# هێمای بەرخۆدان

ئاوات ساروج

پێناسەیەک لە جوانی سروشت، زیندوو بوونەوە، نوێکردنەوەی ژیان، گۆڕانێک لە دەم و چاو و تەنانەت دەروونی سروشت و هەموو زیندەوەرێک لە وەرزێکی نوێ بە ناوی نەورۆز و هاتنەوەی ڕەنگاوڕەنگی سروشت و کرانەوەی ئامێزی زەوی لەم ڕۆژەدا وەک هەموو ساڵێک دەبیندرێت.

لە مێژووی کەونی کوردەواریدا وەک نەریت، چاند و فەرهەنگ، وەک پیرۆزییەک لە نوێبوونەوەی ژیان و سروشت خۆی بووەتە بەشێک لە ژیان و گەڕان بە دوای گۆڕانکاری و گەشەیەک بەرەو شادبوونەوەو هەستانەوەیەکی بەهێز بۆ بەردەوامی ژیانی تاکی کورد و پێکەوەبوونی کۆمەڵگەی کوردی؛ هەر ساڵە، لە وەرزی بەهار و ڕۆژانی شادکامی نەورۆزدا چەندین هێما و نیشانە وەک ڕواڵەت و ناوەڕۆک، خۆی بۆ پێناسەیەک بۆ نەتەوەی کورد دێتە هەژمار.

ئەو کاتە کە نەورۆز دێت، بە دەرکەوتنی ڕەنگینی و جوانی سروشت هێمای شادی، ئاشتەوایی، پێکەوە بوون، لێبووردەیی و خۆنواندن بەرەو هەست و بینینەوەی ناخی شین، ڕەنگینی، شادی، هەبوون، دوورخستنەوەی قین و پەژارە و خەم، تێکەڵ بە ساتەوەختی هاتنی نەورۆز دەبین. ژیانێک بە هێمای ڕەنگینی، هەڵبژاردەی ڕەنگە جوانەکان کە خۆی جوانییەکی دیکە بە سروشتی ژیانی نەتەوەکەمان دەبەخشێت و ڕەمز و هێمای بوون و هەستی نەتەوەیەک وەدەر ئەخات وەک هەڵبژاردنی جوانترین ڕەنگەکان تێکەڵ بە سروشت بۆ پۆشینی جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگی کورد، دەقاودەق بە هێمای سروشت و بە حەز و تێکەڵ بە جوانی ئەم سروشتە بەدی دێت، لێرەدا هەر وەک لە وەرزی نوێبوونەوەی ژیان و سروشتدا دەبیندرێت ژیانی نەتەوەیەک وەک کورد کە لە مێژووی خۆیدا تێکەڵ بە نەهامەتی، کارەسات و قڕبوون بوویێت بە هاتنی نەورۆز بە کەڵکوەرگرتن لە هێماگەلێک چون ئاگر، جلی ڕەنگاوڕەنگ، هەوری و گوولوەنی، جامانە، کیش و ڕەشتە، یەک بە یەک بە هێما و نەمادهایەک لە سروشتی ئێمە، خۆی لە خۆیدا جەمگایەک (کۆمەڵگایەک) پڕ لە حەز و خۆشەویستی و ئاشتەوایی ساز ئەکات کە سەرجەم ئەم هێما پیرۆزانە وەک نیشانەی هەبوونی نەتەوەیەک



لە دونیای دەوروبەر ڕەنگ ئەداتەوە و ڕەمزێک وەک بەرخۆدان و مانەوە ساز ئەکات. بەرخۆدانێک نەتەوەیی، بە گەڕانەوە بۆ مێژوویەکی پڕمەینەت و ساڕێژ کردنی زۆر برینی قورس و چەرمەسەری بۆ تاکی کورد و نیشتمانێک پڕ لە زام.

هەڵپەڕکێ و ئاگر، جامانەو هەوری، ڕەشبەڵەک و ڕەنگاوڕەنگی پۆشین و سروشت دیتر هیچ چەشنە جوانی و ڕەنگ و حەز و خولیایەک بە جێ ناهێڵێت و دەبێتە ڕەمزی مانەوەو پاوەگەزدان(پایەداری) بۆیە لە وەرزی ژیانی نوێی تاکی کورد و سەرجەم کۆمەڵانی خەڵک و نەتەوەکەمان چەند ساڵیک دەبێت کە بەرفراوان و بەرچاوتر لە جاران، خاکی پۆشان بە ڕەنگی نیشتمان، موبارزە، هەبوون، بەرخۆدان و بە هەڵدانی جامانەو هەوری، تێکەڵ بەم چەشنە پایەدارییە بوونە و دەبین؛ ئەوەش بۆ ویستی ژیان و هەست و هەبوون، جووڵەیەک بەرز و بەنرخ وەک ڕەمزێک بۆ سەرکەوتن بە سەر تاریکی و نەهامەتیدا بە بڵازەی (گڕی) ئاگر و شەکانەوەی ئاڵایەک ڕەنگین بە ناو جامانە، هەوری و ئەو گوڵوەنییە چەند ڕەنگەیە کە هێمای تێپەڕبوونی ڕەشەمە، هاتنی ڕەنگینی سروشت، نیشتمانێک زامدار و خوێنبەخش، هێمایەک وەک ئاشتی و گەڕانەوە بۆ سروشتی کەونی کوردەواری و میترائیستیدا لە ڕەنگاوڕەنگی هەوریدا بە نیشانەی ڕەمزی مقاومەت و هەبوون و مانەوەدا، بە هێز و بەدی دەکرێت.

جامانەش وەک هێمای سەربەرزی و گەیشتن بە لووتکەی هەست و بەرخۆدانیی نەتەوەیەک بە ناوی کورد، تاکی خەباتگێڕی کورد هان دەدات کە درێژە بە ڕەوتی موبارزە و ویست و خواستی نیشتمانی و حەقخوازی خۆی بدات؛ لە کاتێکدا بەرەو سێهەمین نەورۆزی ڕاسان و جامانەو خاکی پۆش دەچین هەموو چەشنە هێمایەک بۆ موبارزە، بەرخۆدان و سەربەرزی نەتەوەیەک ڕوو لە زیادبوون و بەرزکردنەوەی ئاستی نەتەوەیی لە چاند و فەرهەنگی کوردیدا لە پیرۆزی نەورۆز، ئاگر و نوێبوونەوە بەدی دەکەین بۆیە گرنگ ئەوەیە ئەم هێماگەلە نەتەوەییە بە بەرزڕاگرتنی نەورۆزێک بۆ دەرباز بوون لە هەموو چەشنە خەم و نەهامەتی و کارەساتێک، بە شەکاوە بوونی ئاڵای ئاشتەوایی و حەقخوازی، ڕەوتی خەباتی ڕاسان بەرەو پێش ببەین و بەرفراوانی ویستی ڕاسان لە هەموو ڕەهەندێکدا وەک مافی ڕەوا و خەباتی بەرحەقی نەتەوەکەمان، گرنگیەکی بەرز و بەنرخ بە وەرزی نوێ ژیان لە سەر ناوی ڕاسانی نەورۆزی و بەرخۆدانی نەتەوەیی؛ ئەوەش ڕاسانێک پڕاوپڕ لە هێمای موبارزە و داخوازی نەتەوەکەمان بدرێت و بە بەهێز کردنی ئاستی بەرزی ڕاسان و موبارزە لە وەرزێکی سەوز و تێکەڵ بە ڕەنگاوڕەنگی ژیان و بەنرخ و پیرۆز زانینی هێماکانی نەورۆز، مۆبارزە و ویستی بەهێزی ڕاسان زیاتر و بەرفراوانتر لە جاران پێناسە بکرێت.

ئاگری نەورۆز، خاکی پۆشان، جامانە و هەوری و هەموو جوانییەکی سروشت تێکەڵ بە پیرۆزییەکانی نەتەوەیەک وەک نیشتمان، مۆبارزە، شەهید، بەرخۆدان و هەبوون، هەموویان بە بەنرخ بزانرێت و مانا بکرێت؛ ئەو کاتەیە کە نەورۆز وەک ڕەمز و هێمای نەتەوەیەک، بۆخۆی دەتوانێت بە پێناسەیەکی نوێ بکرێتە هێمای بەرخۆدان و خەباتی ڕەوای نەتەوەکەمان.

# نەورۆزی خاکیپۆشەکان هەلێک بۆ یەکخستنی خەباتی کوردەواری

ئا: کوردستان



نەورۆز وەکوو جەژنێکی نەتەوەیی بۆ گەلی کورد، بە درێژایی مێژوو هێمای خۆشی و یەکبوون و نوێبوونەوەیە و وەکوو ئاگرێکی هەمیشە هەڵگیرساو لە نێو خەڵکی کوردستان، جیا لە گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتی، بۆ دوژمنانی گەلی کوردیش ئاگرێکی گەش بووە بۆ سووتانی داگیرکەران.

لە ڕۆژهەڵات ، نەورۆز هاوشێوەی بەشەکانی دیکەی کوردستان، واتای خۆی هەبووە و تەنانەت بە گەشاوەتر بوو هەرچی زۆرتربوونی هەستی نەتەوایەتی و ئاگریک بووە لە چاوی، ڕێژیمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی، هەربوویە، ڕێژیمە دیکتاتورەکانی زاڵ بەسەر نەتەوەکانی ئێران، بە تایبەت لە کوردستان، هەمیشە لە هەوڵدا بوونە کە مێژوو و هێما نەتەوایەتییەکانی کورد لە نێوبەرن و بەلاڕێدا بیبەن.

جیا لەوە کە ڕێژیمە فاشیستەکانی حاکم بەسەر ڕۆژهەڵات و بەشەکانی دیکەی کوردستان، نوروز، کە جەژنێکی کوردییە، نەیانهێشتووە کە بە ناوی کورد لە جیهاندا بناسرێت و لە نێوخۆی کوردستان لە هەوڵدا بوونە کە بە هێرشی فەرهەنگی، ڕەنگ و بوونی کوردی لێ بستێنن و هێماکانی خۆیان لەو ڕێوڕەسمەدا جێگیر بکەن.

هێرشی فەرهەنگی ڕێژیمی فاشیستی ئێران، بە شێوەی چڕوپڕ و پشتیوانی ئابووری، بە دژی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات بەردەوامە و پرۆسەی ئاسیمیلاسیۆن لە کوردستان بە بەردەوامی لە پێشەوە چووندایە، بەڵام نەیتوانیوە کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر کولتوری کورد دابنێت. لێرەدا جیا لەو هەوڵە فاشیستییانە، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین هەر لەسەر ئەو سیاسەتە نامرۆڤانەیە، ڕێژیمی ئێران، بە تالان کردنی کوردستان و بە ئەنقەست گرنگی نەدان بە گەشەی ئابووری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە بەردەوامی لە هەوڵدایە کە هەژاری لە نێو ڕۆژهەڵات ببێتە ئامرازیک بۆ گۆشارهێنان بەسەر خەڵکی کورد و کاریگەری ڕەوانی لەسەر خەڵک دابنێت کە لە ئاوات و ئارەزووەکانیان دوور بکەونەوە و تووشی خۆبەکەم زانین بن و باوەڕیان بە خۆیان نەمینێت کە دەتوانن داهاتووی خۆیان چێ بکەن.

هەژارکردنی خەڵکی ئێران، جیا لە سیاسەتە هەڵە ئابوورییەکانی ڕێژیم، بەشێکە لە سیاسەتی کۆنترۆڵ و گوشار لەسەر نەتەوەکانی ئێران کە لە کوردستان، بە شێوەیەکی بەرچاوتر وەکوو پیلانێکی لە پێشدا داڕێژراو، لە لایەن ڕێژیمەوە بەڕێوە دەچێت، هەتاکوو خەمی نان نەهێڵێت بە دوای ئاواتەکان و خەمی وڵات بکەون، بەڵام خەڵکی ڕۆژهەڵات سەلماندوویانە کە بەو هەموو گوشار و هەوڵەی ڕێژیمی فاشیستی ئێران، خەمی وڵات و ئاواتی ڕزگاری و هەستی ئازادیخوازییان، هەموو پیلانەکانی ڕێژیمی ناسەرکەوتوو کردووە.

ڕێژیم فاشیستی ئێران بە دامەزراندنی وەزارەتخانە، نیهاد، ڕێکخراو و دابین کردنی بوودجەی تایبەت کە بە گشتی ساڵانە ٥٠ هەزار میلیاردە، بە کەڵک وەرگرتن لە پسپۆڕانی فەرهەنگی و دەروونناسەکان و کۆمەڵناسەکان، بە بەردەوامی پیلان دادەڕێژن بۆ ئاسمیلاسیۆن و لە نێو بردنی کۆڵەکە فەرهەنگییەکانی نەتەوە غەیرە فارسەکان دەدات و دەیانهەوێت ڕەسەنایەتی لە کولتوری کورد بسڕنەوە.

نەورۆز یەکێک لە کۆڵەکەکانی مێژوویی و کولتوری کوردستانە و هێمای مێژوویی و کولتوری زۆری تیدایە بۆ گەلی کورد و نیشانەیەک بووە بۆ یەکگرتوویی کورد، لەم ڕاستایەدا و بۆ سڕینەوەی ئەم هێما نەتەوەییە ڕێژیم دەیهەوێت ئاڵوگۆڕ بەسەریدا بهێنێت و بەلاڕێدا ببات؛ وەکوو نموونە ئاگری نەورۆزی کە هەڵدەگەڕێتەوە بۆ پێش هاتنی ئیسلام و لە ئایینی میترائیسم و ئاگرپەرەستی سەرچاوە دەگرێت و ئاگر توخمەیە بۆ پاکی و دژە بەتاریکی و ڕووناکی لەگەڵ خۆی دەیهێنێت.

لە سەری ساڵدا، هەندێک ڕێوڕەسمی تایبەت هەیە کە هێشتا لە زۆر ناوچەی کوردستان بەڕێوە دەچێت، بەڵام بەداخەوە بە گشتی بە هۆی هێرشی فەرهەنگی فارسەوە، تووشی گۆڕان بووە یان لە نێو چووە، وەکوو: حەقدە ماڵ، سەوزی، دانوپەزی و ڕۆژی نەورۆز و ئاگرە نەورۆزی، کە بەرچاوترینیان کە وەکوو خۆی ماوەتەوە، ئاگرە نەورۆزییە.

لە ڕۆژی نەورۆزدا، خەڵکی کوردستان بە هەڵکردنی ئاگری نەورۆزی و هەڵپەڕکێ بەرەو پیری ساڵی تازە دەڕۆن و هەموویان شان بە شانی یەک و دەست لە نێو دەست، یەکبوون و هاودەنگی خۆیان بە نیسبەت نەتەوەکەیان، وەکوو پەیمان بەستنێکی دووبارە کە پشت بەیەک ببەستن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، هەروەها ئاگر وەکوو نیشانەیەک کە بە بەردەوامی لە گەشبووندایە و برایەتیان گەرمتر دەکات و بە هەڵکردنی ئاگر ناهێڵن کە تاریکی و ستەم بەسەر وڵاتیان زاڵ بێت.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا و بە تایبەت لە کاتی دەسپێکردنی ڕاسانی ڕۆژهەڵات، نەورۆز چەندە گرنگی هەبووە لەنێو کوردان، گرینگییەکەی چەند قات بووە و وەکوو ڕێگەیەکی خەبات بۆ بە دەست هێنانی ئازادی و ڕزگاری لێهاتووە و خەڵکی ڕۆژهەڵات لە دوو ساڵی ڕابردوودا بە گرتنی ڕێوڕەسمی نەورۆز لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە هەڵکردنی ئاگری نەورۆز، لە ڕاستیدا ئاگری خەباتیان لە ڕاسانی شاخ و شار، لە شار گەشتر کردووە و بوونەتە پشتیوانیک بۆ خەباتی شاخ.

فەلسەفەی ڕاسان لەسەر ئەو بنەمایەیە کە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو تاک، بەڵام لەسەر ئامانجی گشتی، چی لە توانایدا هەیە و بۆی دەکرێ بۆ گەیشتن بە ئازادی لەو ڕاستایەدا هەنگاو هەڵگرێت و بگاتە خەباتێکی گشتی و جەماوەری و بە پاڵپشتی کردن و هاوئاهەنگی لەگەڵ خەباتی شاخ کە لە ڕاساندا، پێشمەرگە ئەو شۆڕشە بەرەو پێش دەبات، دەستی داگیرکەر لە وڵاتیان ببڕن و بە شێوەی سەردەمیانە، بە دەستی خۆیان و لە سەر بونیادی بیرۆکەی خۆیان، وڵات بەڕێوە بەرن.

ئیستەیش کە ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوی کۆتایی دێت و ساڵی تازە دەسپێدەکات، خەڵکی شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵات بە ناوی نەورۆزی پێکەوەبوون و بە هەڵگرتنی جامانە و گوڵوەنی، لە پێناو هەرچی قایم کردنی پەیمانی یەکگرتوویی لە شاردا، پەیمان دەبەستن بۆ پاڵپشتی کردنی شاخ و ئاگری یەکگرتووییان و بیرۆکەی ئازادیخوازییان، گڕ لە جەستەی داگیرکەری زاڵم بەر دەدەن.

# پانۆرامای ساڵ

خوێنەرانی خۆشەویست، ڕۆژنامەی کوردستان وەک نەریتی ساڵانە لە دوایین ژمارەی ساڵدا پوختەیەک لە ڕووداو و هەواڵە گرینگە حیزبییەکانی ساڵ دەخاتە بەر دیدی ئێوەی ئازیز؛ لێرەدا بەشێک لەم هەواڵ و ڕووداوانە دەخەینە بەر چاوی ئێوەی هێژا:



ئا: کوردستان

## شەش لایەنی کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمی ئێران بەیانییەیەکی هاوبەشیان دا

ڕێکەوتی ٧ ی بانەمەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی، شەش لایەنی کوردستانی ڕۆژهەڵات، پێکهاتوو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکیشانی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکیشانی کوردستانی ئێران، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵە(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) و هاوڕێیانی پێشوو لە بەیانییەکی هاوبەشدا هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ڕێژیمی ئێرانیان بایکۆت کرد و داوایان لە هەموو خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات کرد وەکوو کاردانەوەیەکی لێبڕاوانە بەرانبەر بە هەموو بێمافییەکان، لە هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی ٢٩ی بانەمەڕدا بەشداری نەکەن.

هەر لەم چوارچێوەدا کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر پرسی هەڵبژاردنەکان ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشیان ڕوو لە خەڵکی کوردستان و ڕێکخستنە نهێنییەکانیان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو کردەوە و ڕایانگەیاند: ئێمە بە ئەرکی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و دیمۆکرات، چالاکانی سیاسی و مەدەنی، هەروەها کەسایەتی کۆمەڵاتیەکان دەزانین لە پێناو وریا کردنەوەی خەڵك بۆ بەشداری نەکردن لە پرۆسەی بە ناو هەڵبـژاردن دەورو کاریگەری خۆیان بنوێنن. گرینگە خەڵکی کوردستان ڕۆژی ٢٩ی بانەمەڕ یا لە ماڵ بمێننەوە یا لە بری ڕۆیشتن بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان روو دەرەوەی شار بکەن بۆ گەشت و سەیران و تێکەڵ بە سروشتی جوانی کوردستان بن.

## کۆچی دوایی کاک نەوشیروان مستەفا ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان

کاک نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان و تێکۆشەری گۆڕەپانی بزاڤی رزگاریخوازی لە باشووری کوردستان کاتژمێر ٨ی سەرلەبەیانی ڕۆژی هەینی ١٩ی مای ٢٠١٧ی زایینی بەرانبەر بە ٢٩ی بانەمەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی پاش چەند ساڵ نەخۆشی لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد؛ بەم بۆنەوە دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕاگەیەندراوێکی بلاو کردەوە و وێڕای دەربڕینی پەژارەی خۆی سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی، دوست و ئاشنایان و هەڤاڵ و هاوڕێکانی لە بزووتنەوەی گۆڕان کرد.

## حیزبی دێموکرات پشتیوانی خۆی لە پرسی ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی باشوری کوردستان دەربڕی

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران سەبارەت بە بڕیاری سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە کە تێیدا هاتووە: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای ئەوە کە ئەم بڕیارە بە بڕیارێکی مێژوویی و هەنگاوێکی گرینگ و مافێکی سروشتی لە ڕەوتی دیاریکردنی چارەنووسی ئەو بەشە لە کوردستان دەزانێ، پیرۆزبایی لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و حیزب و لایەنە سیاسییەکان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی باشوور دەکا و ڕێز لە ئیرادەی خوشک و براکانی لەم بەشەی کوردستان دەگرێ، لە هەمانکاتدا هیوادارە و خوازیارە کە سەرجەم کۆمەڵانی خەڵک لە کوردستانی باشوور ئەم دەرفەتە مێژووییە بە دوور لە کێشە ڕێکخراوەییەکان بە گوێرەی شیاوی خۆی بقۆزنەوە و هەموو لایەک وەک ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی هاندەری بەشداری تاکەکانی کۆمەڵ لەو ئەرکە مێژوویی و چارەنووس سازەدا بن بۆ ئەوەی ڕێژەی بەشداربووانی ڕێفراندۆم و دەنگدەرانی ئەم بابەتە نیشتمانییە بارەتەقای گرینگی بڕیارە مێژووییەکە بێ کە چاوی دۆستان و دڵسۆزانی کورد بە جۆرێک و تەنانەت نەیارانی کوردیشی بە جۆرێکی دیکە لەسەرە، پێویستە کورد لەو هەلومەرجەدا بۆ ئەو مەبەستە یەکدەنگی و یەک هەنگاوی خۆی نیشان بدا بە جۆرێک کە ئاکامی ڕاپرسی بە کۆمەڵگای جیهانی بسەلمێنێ کە ڕێفراندۆم ئیرادەی هەموو لایەک و هەموو تاکێکی کوردە و ئەوەی لێی دەکەوێتەوە ویست و خواستی هەموو رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانە.

## لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا پەیمان لەگەڵ ڕێبازی قاسملوو نوێ کرایەوە

**بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، ٢٨ـەمین ساڵیادی شەهیدکرانی دکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، ڕێوڕەسمێک بە بەشداری چەندین کەسایەتی و لایەنی سیاسی کوردستانی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو کە تێیدا بەڕێز "مستەفا هیجری" سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.**

هەر بەم بۆنەوە چەندین سێمیناری زانستی لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر و چەندین وڵاتی ئۆرووپایی بەڕێوە چوو؛ هەروەها دوکتور بێرنارد گرانژون، بەرپرسی پێشووی ڕێکخراوی پزیشکانی بێ سنوور لە پەیامێکدا بە بۆنەی ٢٨ەمین ساڵڤەگەڕی تێرۆری دوکتور قاسملوو، پشتیوانی خۆی لە درێژەدەرانی ڕێبازی قاسملوو دەربڕی و ڕایگەیاند: ٢٨ ساڵ بە سەر شەهید بوونی دوکتور قاسملوو، ئەو مرۆڤە ئیلهامهێنەرە بۆ هەمووان تێدەپەڕێ. لە ٢٨ ساڵەی شەهید بوونیدا، ناو و یادی دوکتور قاسملوو بەرز ڕادەگرین و لە ڕێبوارانی خەباتی ڕێگای دوکتور قاسملوو لە ڕاستای دێموکراسی، ئازادی و مافی نەتەوەیی کورد پشتیوانی دەکەین.

## ناوی شەهیدانی نوێی ڕاسان لە حەماسەکانی قەرەسەقەڵ و کۆساڵان ڕاگەیەندرا

لە مانگی پووشپەڕدا، پاش ساڵێک بەدواداچوونی وردی حیزب و دڵسۆزانی حیزب لە ناوچەکانی مەریوان و شنۆ دەرکەوت کە بەداخەوە چەند ڕۆڵەی بەجەرگی حیزب لە ئاگری قینی دوژمندا گیانی پاکیان بەختی ڕێگای پڕ لە سەروەریی ئازادیی گەل و نیشتمان کردووە و چوونەتە ڕیزی کاروانی پڕ لە شانازیی شەهیدانی کوردستانەوە کە بریتین لە شەهیدان بێهزاد پیرۆتی، عەلی مەحموودی (شەماڵ)، مێهدی شێخی، بەرزان حوسێنی، ڕوحوڵڵا حەیدەری، ساحێب حوسێنی، ئەفشار سوورە بوومە، هیوا قوربانی.

پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی شەهید بوونی ئەم پۆلە لە تێکۆشەرانی دێموکرات چەندین پەیامی هاوخەمی لە نێوخۆی وڵات و لەلایەن کەسایەتی و ڕێکخراوە مەدەنییەکانەوە ئاراستەی حیزب و بنەماڵەی شەهیدانی نوێی حیزب کرا.

## کریس کۆچێرا کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ١٢ی گەلاوێژ، نووسەر و ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگ کریس کۆچێرا کۆچی دوایی کرد و بەم بۆنەوە مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران بە بۆنەی کۆچی دوایی کریس کۆچرا پەیامێکی هاوخەمی بڵاو کردەوە کە لە بەشێکیدا هاتووە: بە کۆچی دوایی کوچرا کورد بە گشتی و حیزبی

درێژە لە لاپەڕەی ١٠

درێژەی لاپەڕەی ٩

دێموکرات دۆستێکی خۆرئاوایی وەفاداری لەدەستدا، بەڵام یادی ئەم پیاوە کورد دۆستە و خزمەتەکانی بە کورد لەبیر هیچ کوردێکی نیشتمانپەروەر ناچێتەوە.

بەم بۆنەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەکەی بەتایبەت "ئیدیت"ی هاوسەری دەکەم کە لە کارەکانیدا یارمەتیدەرێکی بە توانای کوچرا بوو.

## ٢ پێشمەرگەی وەفاداری حیزب تێکەڵ بە کاروانی سورخەڵاتی شەهیدان بوون

لە ئەنجامی شەڕی نێوان هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و سپای تێرۆریستی پاسدارانی ڕێژیم لە ناوچەی پیرانشار چەندین پاسدار و دژی گەلی ڕێژیم کوژران و بریندار بوون و بەداخەوە ٢ پێشمەرگەی فیداکاری گەل تێکەڵ بە کاروانی سورخەڵاتی شەهیدان بوون.

شەوی شەممە لە سەر یەکشەممە ڕێکەوتی ١٤ی گەلاوێژی ١٣٩٦ی هەتاوی، کاتژمێر ١١ی شەو، تیمێک لە هێزی پێشمەرگەی نۆشار سەر بە هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کاتی ئەنجامدانی گەشت و مەئموورییەتێکی حیزبیدا لە ناوچەی پیرانشار کەوتنە نێو بۆسەیەکی چەکدارانی جەهل و نەزانی سەر بە سپای پاسداران و بەکرێگیراوانی سەر بەو سپایە و لە نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سپای پاسداراندا دەرگیری و تێکهەڵچوون ڕووی دا.

لەو تێکهەڵچوون و شەڕە دەستەویەخەیەدا دوژمنانی ئازادی زەربەیەکی قورسیان بەرکەوت و بەپێی هەواڵی گەیشتوو چوار کەس سەر بە سپای پاسداران کوژران و شەش کەسی دیکەش بریندار بوونە؛ بەداخەوە لەم دەرگیرییەدا دوو پێشمەرگەی گیانفیدا و دڵسۆزی حیزبی دێموکرات بە ناوەکانی "یەعقووب موڕادی و هێمن مەولان نژاد" شەهید بوون و درێژەی ڕێگاکەیان بە هاوڕێیانیان لە نێو حیزبی دێموکرات ئەسپارد.

## فستیڤاڵی ٢٨ی گەلاوێژ لە هەولێر بەڕێوەچوو

لە ٣٨مین ساڵیادی دەرکردنی بڕیاری بەدناوی جیهادی خومەینی لە دژی گەلی کورد، لە هۆڵی پێشەوای شاری هەولێر دەزگای توێژینەوە ستراتێژییەکان یەکەم فێستیڤاڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە بەشداری سەرجەم حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بە ناونیشانی (٢٨ی گەلاوێژ، ڕۆژی خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان) سازکرد.

کاتژمێر ٥ی ئێوارەی ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ ١٣٩٦ی هەتاوی لە شاری هەولێر، بۆ ئاوڕدانەوە لە ٣٨مین ساڵیادی خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان لە بەرانبەر فەرمانی جیهادی خومەینی بۆ سەر کوردستان، ڕێوڕەسمێک لە ژێر ناوی "خۆڕاگری شکۆمەندییە" بەڕێوە چوو.

لەم ڕێوڕەسمەدا وەفدێکی باڵای حیزبی دێموکرات بە سەرپەرستی بەڕێز حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشدارییان کرد و وتاریان پێشکەش کرد؛ لە وتارەکەیدا بەڕێز شەرەفی ڕایگەیاند: ئێمە لێرە کۆبووینەتەوە تاکوو ئاوڕ لە دوو ڕووداو بدەینەوە؛ یەکیان پیرۆز و یەکیان ناپیرۆز. ڕووداوە ناپیرۆزەکە ئەوەیە کە لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژدا ئەو پەیامە شووم و فتوا ناڕەوایەی کە خومەینی دژ بە گەلی کورد دەری کرد و لە ئەنجامیدا هەر لەو ڕۆژەوە هێرشی زەوینی و هەوایی بێ بەزەییانە بۆ سەر کوردستان دەستی پێکرد.

فەرمانێکی سەربازی بۆ خاشەبڕکردنی کوردستان و نەتەوەی کورد و فتوایەکی مەزهەبی بۆ بزاوتن و هاندانی بەشێک لە هاونیشتمانییانی شیعەمەزهەبمان لەدژی کورد؛ ئەمەش وای کرد کە کورد ٢ ڕێگای لەبەردەمدا مایەوە؛ یان مل دانەواندن بۆ ئەو هەڕەشە و هێرشەدا یان خۆڕاگری.

لەبەشێکی دیکەی قسەکانیدا بەڕێز شەرەفی وتی: ڕووداوە پیرۆزەکە ئەوەیە کە هەر لەو ڕۆژەدا کە بڕیاری ناپیرۆزی فتوا دەرکرا گەلی کورد بڕیاری خۆڕاگری لەبەرامبەر ئەم پەلامارەی دەرکرد و بە کردەوە سەلماندی کە ڕەوتی موقاوەمەتی خۆی کە هەیبوو بەهێزتر کرد.

## حدکا: پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردستانی باشوور، ئەرکی نەتەوەییە

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردستانی باشوور ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە کە تێیدا ڕوو لە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوای کرد:

یەکەم: لەم ڕۆژانەدا تاکوو ڕۆژی بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆم بە هەرشێوەیەکی تەبلیغی کە بۆتان دەکرێ پشتیوانیی خۆتان لە ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستانی باشوور دەرببڕن و لە ڕۆژی ئەنجامدانی ڕێفراندۆمیشدا بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و پۆشینی جلوبەرگی کوردی و ئامادەبوون لە شوێنە گشتییەکان بەو جلوبەرگ و ئاڵاوە، نیشان بدەین کە نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا پشتیوان و هاوسۆزی یەکن.

دووهەم: هەموو ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات و لە کوردستانی باشوور بە هەرشێوەیەک کە بۆیان دەکرێ لە ئاهەنگ و هاندانەکان بۆ پشتیوانی لە ڕێفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستانی باشووردا حوزووری بەرچاویان هەبێ و بە هەڵگرتنی دروشمی پێوەندیدار یارمەتیدەر بۆ گەشەکردنی پشتیوانییەکان بن.

سێهەم: بە وەڕێخستنی کەمپەینی تایبەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا و پڕوپاگەندەی تایبەت بەو بوارە، واژۆی پشتیوانی بۆ سەربەخۆیی کوردستانی باشوور کۆ بکەنەوە و لەو بوارەشدا دەوری خۆتان بۆ هاندان بگێڕن و یارمەتیدەربن بۆ گەیشتنی نەتەوەی کورد لە بەشێکی نیشتماندا بە مافە ڕەواکانیان.

## حدکا، بە بۆنەی بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی گشتپرسی، پیرۆزبایی لە سەرجەم ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد کرد

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەبارەت بە بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی لە باشووری کوردستان ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە کە تێیدا وێڕای پیرۆزبایی لە سەرکردایەتی کورد، خوشک و براکانمان لە باشووری کوردستان و هێزە سیاسییەکانی و سەرجەم ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان و دنیا ئاواتی ئەوەی خواست ئەم هەنگاوە سەرەتای کۆتایی هاتن بە نەهامەتی و ڕەنج و ئازارەکانی کورد لە باشووری کوردستان بێ و بەدیهێنەری ئاوات و ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانیان بێ، کە بێگومان لە سەر چارەنووسی کورد بە گشتی شوێندانەر دەبێ.

## حیزبی دێموکرات: سەرەخۆشی لە گەلەکەمان بەتایبەت لە کوردستانی عێراق دەکەین

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی کۆچی‌دوایی مام جەلال پەیامێکی پرسە و سەرەخۆشی بڵاو کردەوە کە تێیدا هاتووە: بەداخەوە ڕۆژی ١١ی ڕەزبەری ١٣٩٦ی هەتاوی، ٣ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧ی زایینی، کوردستان کەسایەتییەکی گەورەی لە دەست دا کە زیاتر لە نیو سەدە لە ژیانی لە پێناوی ڕزگاریی نیشتمانی و بەختەوەریی خەڵکدا تێپەڕ کرد.

لە بەشێکی دیکەی ئەم ڕاگەیەندراوەدا هاتووە: ئێمە لە حیزبی دێموکراتدا وێڕای سەرەخۆشی لە کەسوکار و بنەماڵەی بەڕێزی مام جەلال، بەتایبەت هاوسەر و کوڕەکانی، هاوخەمی خۆمان لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی و سەرکردایەتی و هەموو ئەندامانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان دەر دەبڕین. سەرەخۆشی لە گەلەکەمان بەتایبەت لە کوردستانی عێراق دەکەین. وێڕای دەربڕینی پەژارەمان بۆ لە دەست دانی ئەو کەسایەتییە گەورەیە، دووبارە جەخت لە هاوئاهەنگی و تەبایی و پێکەوە بوون چ لە نێو ڕیزەکانی حیزبە دۆستەکەمان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و چ لە نێو هەموو حیزب و لایەنی سیاسی و خەباتکارەکانی کوردستانی عێراق دەکەینەوە، کە ئەم بڕگە هەستیارەی مێژووی ئەو بەشە لە نیشتمانمان، لە ژێر خەمێکی وەها گەورەدا تەنیا بە پێکەوەبوون دەتوانێ بە سەرکەوتنی مەزن بگات.

پێویست بە ئاماژەیە کە سەر لە بەیانی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٤ی ڕەزبەری ١٣٩٦ی هەتاوی، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی بەڕێز کاک مستەفا هیجری، بەشداری لە مەراسمی بەخاک سپاردنی بەڕێز، مام جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان و سەرکۆماریی پێشووی عێراق کرد.

## ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ بوومەلەرزەی کوردستان

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ بوومەلەرزەی ڕۆژی یەکشەممەی کوردستان ڕوو لە خەڵکی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە کە تێیدا هاتووە: وێڕای سەرەخۆشی لە بنەماڵەی قوربانیانی ئەو بوومەلەرزەیە، هیوای هەرچی زووتر چاک بوونەوە بۆ برینداراانی ئەو کارەساتە دەخوازێ.

کارەساتێکی وەها گەورە کە دەیان شاری کوردستان لە ڕۆژهەڵات و باشووری گرتۆتەوە و بە سەدان قوربانی و بە هەزاران بریندار و وێرانییەکی زۆری لێ بەجێ ماوە، کارەساتێکی نەتەوەییە و وێڕای هاوخەمیمان بۆ هەموو زیانلێکەوتووانی مادی و گیانی، داوا لە هەموو هاونیشتمانیانی کورد دەکەین کە لەم کارەساتە گەورەیەدا بە هەر شێوەیەک کە بۆیان دەکرێ یارمەتیدەری قوربانیان و ماڵوێرانکراوەکان بن.

هەروەها کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دووتوێی ڕاگەیەندراوێکدا بەرێکەوتی ٢٣ی خەزەڵوەر ١٣٩٦ی هەتاوی، داوای لە سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بە هەموو چین و توێژەکانەوە کرد کە بە هانای خەڵکی ئەو ناوچانەوە بڕۆن کە تووشی ڕووداوی بوومەلەرزە هاتوون و ئەوەی لە توانایاندایە هاوکاری و یارمەتییان بکەن.

## حیزبی دێموکرات: نەتەوەی کورد لە کارەساتدا، حەماسەیان خوڵقاند

سەبارەت بە حەماسەی نیشتمانی کوردانی ڕۆژهەڵات پاش بوومەلەرزەکەی کرماشان دەفتەری سیاسی حیزب ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە و ڕایگەیاند: شایی بە وەها نەتەوەیەکەوە دەکا و لە بەرامبەر ئیرادەی نەتەوەیی و هەستی پاک و بێگەردی مافخوازییاندا سەری ڕێز دادەنەوێنێ.

## بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی پێنج حیزب و لایەنی سیاسیی کوردستانی ڕۆژهەڵات

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٦ی هەتاوی، پێنج حیزب و لایەنی سیاسیی کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە بارەگای ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان کۆبوونەوە و تێیدا ناوەندێک بۆ هاوکاریی حیزبە کوردییەکان بۆ کار و تێکۆشانی داهاتوو پێک هات.

## سێهەمین کۆبوونەوەی "ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران" بەڕێوە چوو

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٧ی ڕێبەندانی ١٣٩٦ی هەتاوی، سێهەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بەڕێوەچوو کە تێیدا وێڕای باس لە بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆبوونەوەی پێشوو، جەخت لەسەر پرنسیبەکان و هێڵە گشتییەکانی هاوکاری کرا و بەتایبەت لەسەر مەسەلەی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و دابین کردنی دێموکراسی و مافی نەتەوایەتی لە کوردستانی ئێران باس کرا.

لەو کۆبوونەوەیەدا هەروەها باس لەوە کرا، کە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، دەبێ هەوڵ بدات بەپێی ئەو پرنسیبانەی کە لەسەری ڕێک کەوتوون هێز و لایەنە سیاسییەکان بانگهێشت بکرێن و لە نزیکەوە لە بۆچوون و ڕوانگەکانیان ئاگادار ببنەوە، هەروەها لەسەر ٢١ی فێورییە، ڕۆژی زمانی دایکی کار و هاوئاهەنگی پێویست ئەنجام بدرێت.

## ڕۆژی زمانی دایکی لە شاخەکانی کوردستان پیرۆز کرا

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢ی ڕەشەمە، هێزی تایبەتی حیزبی دێموکرات لە شاخەکانی کوردستان ڕێوڕەسمێکی بەشکۆیان بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی بەڕێوە برد.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی بەڕێوە چوو، فەرماندە نیزامییەکانی هێزی پێشمەرگە، کادری سیاسی و نیزامی و پێشمەرگەکانی هێزی تایبەت لەو ڕێوڕەسمەدا بەشداریان کردووە.

لە ڕێوڕەسمەدا چەندین وتار لە لایەن بەڕێوەبەرانی ڕێوڕەسمەکە تایبەت بە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی خوێندرایەوە کە تێیدا باس لە گرینگی و بایەخی زمانی دایکی کرا.

## کۆنگرەی ١٦هەمی حیزب بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ١ تا ٤ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوی کۆنگرەی ١٦می حیزب، کۆنگرەی ڕاسانی ڕۆژهەڵات بەڕێوە چوو و پاش چەند ڕۆژ کاری بەردەوام سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارەکانی هێنا و کۆمەڵێک بڕیاری گرینگ، لەوانەش گۆڕینی پێکهاتەی گشتیی حیزب، تێیدا پەسند کرا.

هەر لەم پێوەندییەدا ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاوی، جێژنی کۆتایی هاتنی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بەشداریی ئەندامانی تازە هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٦ بۆ ناوەندیی سیاسی، کادر، پێشمەرگە، بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات و میوانان ١٦ بەڕێوەچوو.

لە بڕگەی یەکەمی جێژنەکەدا، بەڕێز "مستەفا هیجری" لێپرسراویی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٦ چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

هیجری سەرەتا باسی لەوە کرد "ئەمنییەت"ی کۆنگرە و ئەو فەزایەی کە کۆنگرەی تێدا بەڕێوەچوو کارێکی بێ‌وێنە بوو، ئەوەش لەو ڕوویەوە گرینگ بوو کە ئێمە پێشتر ئاگادار کرابووینەوە کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران پیلانی هەیە لە هەر شوێنێک کە کۆنگرە بەڕێوە بچیت شەڕ و ئاژاوە بنێتەوە.

ناوبراو لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لەوە کرد فەزای فکریی کۆنگرە بابەتێکی زۆر گرینگ بوو، واتە بوونی ئەو فکر و هزرەی کە لە نێو ئەندامانی کۆنگرەدا هەبوو، فەزای کۆنگرەکەی لە کۆنگرەکانی دیکە جیاواز کردبوو و ئەوەش دەرخەری چوونە سەری ئاستی فکری ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە کە جێگای بایەخە.

لێپرسراویی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە قسەکانیدا باسی لەوە کرد کە ڕێژەی هەڵبژاردنی ژنان بۆ ڕێبەریی حیزبی دێموکرات خۆی شتێکی بێ وێنە بوو و بە نیسبەت کۆنگرەکانی پێشوو ژنان توانیان لە کار و چالاکیی حیزبیدا بەشداری زیاتریان هەبێ.

## ناوەندیی سیاسی حیزبی دێموکرات ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە

ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٦هەمی حیزب پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٧ی ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٦ی فێورییەی ٢٠١٨ی زایینی یەکەم کۆبوونەوەی خۆی بە بەشداری لێپرسراوی گشتی حیزب، هاوڕێی بەڕێز کاک مستەفا هیجری و ئەندامانی ناوەندی سیاسی پێکهێنا.

لەم کۆبوونەوەیەدا ئەرک و دەسەڵاتەکانی ئەم ناوەندە کە بە پەسندی کۆنگرەی ١٦ی حیزب گەیشتوون بە بەرچاوڕوونی زیاترەوە باسیان لەسەر کرا و وردبوونەوەی پتریان بۆ کرا؛ لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا لەسەر شێوەی کاری ناوەندی سیاسی ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا.

لە دوابڕگەی کاری کۆبوونەوەی ناوەندیی سیاسیدا لە سەر پێشنیاری لێپرسراوی گشتی و پاش دەنگدانی بەشدارانی کۆبوونەوەکە هاوڕێی بەڕێز کاک حەسەن شەرەفی بە تێکڕای دەنگی بەشداربووان بە بەرپرسی ناوەندی سیاسی و لە هەمانکاتدا وەک جێگری لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردرا.

## دوو ئەندامی حیزبی دێموکرات لە هەولێر بوونە ئامانجی کردەوەیەکی تێرۆریستی

دوو ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەڵکی شاری کامیاران و دانیشتووی شاری هەولێر، بە هۆی دانانی بۆمب لە ماشینەکەیاندا بە توندی بریندار بوون.

ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ١٠ی ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاوی، سەلاح ڕەحمانی هاوڕێ لەگەڵ کوڕەکەی بە ناوی سەباح ڕەحمانی خەڵکی شاری کامیاران و دانیشتووی شارۆچکەی "بنەسڵاوە"ی هەولێر لە کردەوەیەکی تێرۆریستیدا بە توندی بریندار و ڕەوانەی یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر کران کە بەداخەوە ڕۆژێک دواتر هاوڕێ سەباح ڕەحمانی بەهۆی سەختی برینەکانی لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر، گیانی لەدەستدا و تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوو.

سەرلەبەیانی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاوی، بە بەشداریی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات و ئەندامانی ناوەندیی سیاسی حیزب، کادر، پێشمەرگە، بنەماڵە و میوانان تەرمی شەهید "سەباح ڕەحمانی" لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە خاک سپێردرا.

## بانگەوازی ناوەندیی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ نەورۆزی ٢٧١٨ی کوردی

لە بەرەبەری هاتنی نەورۆزی ٢٧١٨ی کوردی، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بانگەوازێکیان لەژێر ناوی " نەورۆز هێمای ژیانەوەو پێکەوە بوون" بڵاو کردەوە کە تێیدا هاتووە: ئەمساڵ کە ڕابرد، دەستپێکەکەی نەورۆزی جامانەکان بوو؛ دوای ئەو هەموو حەماسەتە کە ئاماژەیان پێکرا، جێی خۆیەتی نەورۆزێک کە دادێ، بە هەمان شکۆوە و بە هەمان حەماسەوە بە جامانە و هەوری و لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی و هەڵگرتنی گوڵی سوور برازێندرێتەوە و لە گەڵ ژیانەوەی سروشت، ژیانەوەی نەورۆزی جامانەکان بۆ نیشتمان بکرێ بە دیاری، هەر بۆیە داواکارین یەک دەنگ و یەک هەڵوێست، بەرەو پیری نەورۆز و سەری ساڵی نوێ بچن.

بێگومان هاوخەباتی و یەکڕیزیی نەتەوەکەمان، ڕەمزی سەرکەوتنمانە. لەم ڕوانگەیەشەوە داوا لە سەرجەم خەڵکی کۆڵنەدەر و نیشتمانپەروەری کوردستانی ئێران دەکەین بە هەمان ئیرادە و ڕۆحیەی هاوخەباتییەوە لە خەباتی نەتەوەیی-دێموکراتیکی خۆیان بەردەوام بن و ڕیزەکانی خۆیان بەهێزتر و پتەوتر بکەن و سەری ساڵی نوێ پیرۆز بکەن.

# مەلی کوێستان
# لە کوڵانەکانی ئازادیدا



لە پەراوێزی جیهانێکی پڕ لە ژاوەژاو،
لە جەرگەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست کە خۆری ئاشتی بە خۆیەوە نەدیوە،
لە وڵاتێک کە پڕە لە ئاوارەی هاونیشتمانیانی لە لایەک لە نیشتمان و وڵاتی خۆیان دەژین
لە لایەک ئاوارەن و خۆزگەی گەڕانەوە بۆ مەفتەن دەچێژن.
ئەبێ هەر کوردستان بێت ئەو وڵاتە،
چونکە تەنیا وڵاتە کە وڵاتی کوردانە و کورد تێیدا بێگانە.
لەم وڵاتە
کۆمەڵێک مرۆڤی مەزن لە گەڕەکێک بە ناوی ئازادی دەژین کە بۆ ئازادی ئاوارەن و لە گەڕەکی ئازادیدا
خۆزگە بۆ ئازاد بوونی وڵات و مەفتەنی خۆیان دەچێژن.
باڵای خانووەکانیان کورت و بەژنی ئیرادە و هێزی خۆڕاگرییان لە ئاسمان دەسوێ.
چ زەمەنێکە، کە لە گەڕەکی ئازادیدا خوێن بۆ ئازاد بوونی وڵاتەکەت بدەی.
چ قەدەرێکە کە بۆ ئازادی فیدا بکەی ژیان، گەر وڵاتیشت ئازاد نەبێ شوێنی حەوانەوەت بە ئازادی بانگ بکەی.
ژیان بەردەوامە و پێکەنینی منداڵان و هیوای گەنجان هەموو بەیانییەک
بەر لە هەڵاتنی خۆر ئەپشکوێ.
لاوی شۆڕشگێر و ڕێبەرایەتی ئازادیخواز و پێشمەرگەی وڵات و دایکی شەهیدان پێکەوە هەناسەی خەبات هەڵئەمژن،
هەر یەکێ بە جورێ
بۆ یەک ئامانج تێ ئەکۆشن
هەر هەمووشیان لە خوێن و دڵدا لە قووڵایی نیگا و بیر و هزریاندا لە وڵاتێک ئەژین ئەگەر دوریش بن
لێی لە ئازادییەوە بۆ ئازاد بوونی دەڕوانن.
لە پێدەشتی دوپشکان کۆتری ئازادی هەڵدەفڕێنن،
لە هەواری گەرمیان چریکەی خوایە وەتەن ئاواکەی بۆ نیشتمان دەخوێنن.
تۆز و غوباری غوربەت بە بارانی پڕ لە هەست و سۆزی یەکتر ئەسڕنەوە.
بزەیەک بەسە بۆ ڕەواندنەوەی خەمی دوری چەندین ساڵەیان.
ئەگەر کوێستانی وەتەنیشیان دور بێ، بە شینایی دڵیان گەرمێن فێنک ئەکەنەوە.
ئێستاش دوای ئەو هەموو ساڵە، بارگەی ژیانیان هەر دانەناوە
لە سوچێ بۆ دەرفەتێک ئەگەڕێن بەشکەم جارێکی تر ڕەشماڵی ژیان لە نیشتمان هەڵکەنەوە.
ئێستاش حەوشەی ماڵیان بۆنی شلێر و بەیبوونی شاخ دەدات.
ئێستاش پەنجەرەکانیان ڕوو لە خۆرهەڵاتە تا شەماڵ و کزەی وڵات بە ماڵەکانیاندا بسوڕێتەوە.
ئێستاش هەر دەڵێن تەیری کوێستانین لە گەرمێن زەنجیر ناکرێین زەمانەش بۆ ساتێ قەتیسمان کات
هەر دەفڕین بەرەو لوتکە
بۆ دالاهۆ
بۆ ئاویەر
بۆ ئاربابە
بۆ دالانپەڕ و
بۆ ئارارات
هەر دەفڕین بەرەو نیشتمان
با هەیبەت سوڵتانیشم خۆش بوێ، ناتوانم هەنسک و ئەسرینی ئیلام و کرماشان و سنە و موکریان و ورمێ و دیلەمان بێ وەڵام بە جێ بهێڵم.
ناتوانم بێ وڵاتم هەناسەی ئارامی و ئاسودەیی هەڵبکێشم.

ئەلبورز

## برووسکەیەک.. پەلە نییە.. شیعریش نییە

بەناوی هەڵەبجە و پێنج هەزار «مانگ»ەوە
بەناوی مەولەوی و پێنج هەزار گوڵەوە.
بەناوی گۆران و پێنج هەزار کۆترەوە،
بۆ زانا بلیمەتەکانی: وڵاتی پوشکین،
وڵاتی جاک لەندن.
وڵاتی بایرۆن، وڵاتی جان دارک، وڵاتی بسمارک.
وڵاتی گاریبالدی، وڵاتی ڤان کوخ.. وڵاتی..
وڵاتی.. وڵاتی
سوپاس بۆ ئەو دیارییەی کە بە کۆمەڵ سەرلەبەیانیی
ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ لە
ڕێگەی بەغداوە بۆ گوڵ و کۆتر و منداڵ و شێعری
کوردستانتان ناردبوو.

## هەڵەبجە

چواردەی مانگ بوو
لەسەر گۆیژە، "با" قەڵەمەکەی فڕاندم
کە دۆزیمەوە و پێم نووسی
پۆل پۆل فڕین وشەکانم.
پانزەی مانگ بوو
"سیروان" قەڵەمەکەی بردم
وەختێ گرتمەوە و پێم نووسی
بوون بە ماسی شێعرەکانم
شانزەی مانگ بوو!
ئاخ شانزەی مانگ!
کە شارەزوور قەڵەمەکەی لێ وەرگرتم
وەختێ دایمەوە بنووسم
وەک هەڵەبجە
وشک ببوون پەنجەکانم!

شێرکۆ بێکەس

# KURDISTAN

Published by *Democratic Party of Iranian Kurdistan* ▪ *No:721* ▪ 20 March *2018*

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia


## ڕێورەسمی نەورۆزی ١٣٩٧ی هەتاوی لە بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکرات











